سەرۆک بارزانی:

بە هەموو توانایەک پشتگیری لە نێچیرڤان بارزانی دەکەم



تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5765) سێ شەممە 11ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

نێچیرڤان بارزانی سوێندی یاسایی خوارد

وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستبەرکار دەبێت

«سوێند بێ بەخوای مەزن، پارێزگاری لە مافەکان و دەستکەوتەکان و یەکڕیزی و بەرژەوەندییەکانی هاوواڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکەم و ئەرک و فەرمانەکانم بە دروستی و دڵسۆزی ئەنجام بدەم. خوای گەورە پشتیوان بێت».



د. بەرهەم ساڵح:

گەورەیی کاک مسعود بە پلە و پۆست نییە

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



حەلبووسی: پاڵپشتی نێچیرڤان بارزانی بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان دەکەین

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



سەرۆک وەزیرانی عێراق: کار بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێم دەکەین

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



عەمار حەکیم: نێچیرڤان بارزانی کەسێکە بە دادپەروەری ناسراوە و بەردەوام هەوڵی یەکڕیزی داوە

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی خوارد

سەلام عەبدوڵلا

دوێنێ لە ڕێورەسمێکی شایستەدا سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی سوێندی یاسایی خواردو لە وتارەکەیدا جەختی لەسەر پابەندبوونی خۆی کردەوە کە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا پابەندی دەبێ بۆ خزمەت و پێشخەوچوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، هەروەک جارێکی تر پابەندبوونی خۆی بە چەسپاندنی دیموکراسی و یەکڕیزی گەلەکەمان کردەوەو سوپاسی هەموو لایەنەکانی کرد کە بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان کرد بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم.

(بۆ ل2)

بە بەشداریی سەرۆک بارزانی، مەراسیمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەچوو

سەرۆک بارزانی: بە هەموو توانایەک پشتگیری لە نێچیرڤان بارزانی دەکەم

پێویستە بە لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی نێوان پێکهاتەکانی عێراق چارەسەری کێشەکان بکرێت



دوێنێ دووشەمە 2019/6/10 پەرلەمانی کوردستان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە شاری هەولێر کۆبۆوە و لە مەراسیمێکی شایستەدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد. لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی و هەریەک لە سەرۆککۆماری عێراق، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، نوێنەری سەرۆکوەزیرانی عێراق، سەرۆک و سکرتێر و نوێنەرانی لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان، وەزیری دەرەوەی تورکیا، باڵیۆزی ئێران و سەدان میوانی کوردستانی، عێراقی و جیهانی، بەڕێوەچوو، سەرۆک بارزانی وتارێکی پێشکەش کرد و وێڕای پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ سەرۆکی هەرێم ڕاگەیاند و داواشی لە حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق کرد پێکەوە هەوڵ بدەن بەزووترین کات ئەو کێشانەی کە ماون چارەسەریان بکەن، بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم یان ناوچەکانی کێشە لەسەر، چونکە رۆژبەڕۆژ کێشەکان زیاتر قوڵتر دەبن و جێگەی مەترسی جیددین. سەرۆک بارزانی لەبارەی کێشەکانی ئێستای ناوچەکەش ڕایگەیاند کە ئومێدەوارین هەموو لایەنەکان بە ئاشتی چارەسەری کێشەکان بکەن، چونکە بە تەئکید شەڕ لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە. لەبارەی ڕەوشی ناوخۆی کوردستانیش، سەرۆک بارزانی داوای لەلایەنە سیاسییەکان کرد بە گیانی برایەتی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، کێشەکانی نێوخۆ چارەسەر بکەن.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان بەخێر بێن سەرچاوان
زۆر سوپاستان دەکەین..
زۆر خۆشحاڵین بە هاتنتان.

سوپاس بۆ خوای گەورە کە یارمەتیداین بۆ ڕێکخستنەوەی دۆخی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی 30ی ئەیلووی ساڵی ڕابردوو. سوپاس بۆ گەلی کوردستان، بۆ خۆڕاگریبان بەرانبەر زۆر لە تەحەدیات و پیلانی جۆراوجۆر، سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان.

لە ئەنجامی هەڵبژاردنی 30 ئەیلوولی ساڵی ڕابردوو هەلومەرجێکی تازە هاتە پێشەوە، ئەوەبوو لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئەمڕۆش سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی خوارد و لە سبەینێوەش هەنگاوەکانی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم دەست پێدەکات.

لێرەدا من پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکەم و داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم و بە هەموو توانایەک پشتگیری دەکەم.

داوای جیددیم لە حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ ئەوەیە، کە پێکەوە هەوڵ بدەن هەرچی زووترە ئەو کێشانەی کە ماون چارەسەریان بکەن، بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم یان بڵێین ناوچەکانی کێشە لەسەر، چونکە ڕۆژبەڕۆژ کێشەکان زیاتر قوڵتر دەبن و جێگەی مەترسی جیددین. سەرۆک بارزانی لەبارەی کێشەکانی نێوخۆ چارەسەر بکەن.

دەقی وتەکانی سەرۆک بارزانی:

زیاتر قوڵتر دەبن و جێگەی مەترسی جیددین. پێویستە بە حیکمەت و بە لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراق چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت، بەپێی دەستوور.

ڕاستە داعش تووشی شکستی گەورە بووە، بەڵام داعش ماوە، هەڕەشەی داعش ماوە، هەروەها خەریکە خۆی ڕێکبخاتەوە و هاوبیری داعشیش ماون و هەردووکیان پێکەوە مەترسی جیددین لەسەر وڵاتەکە و ئەمن و ئاسایشی نەک هەر عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵکو هەموو ناوچەکە و هەموو جیهان، بۆیە پێویستی بە وریاییەکی زۆر و هەماهەنگییەکی تەواو هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە گەورەیە، جارێکی دیکە کارەساتی وەکو ساڵی 2014 دووبارە نەبێتەوە لەم وڵاتە.

بۆ کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئومێدەوارین کە هەموو لایەنەکان بە ئاشتی چارەسەری کێشەکان بکەن، چونکە تەنیا لە سیستەمە شمولییەکان و وڵاتانی نادیموکراتی و دیکتاتۆری ڕێژەی لە سەداسەد یان نەوەدنۆ کۆمانۆ دەبینرێ وەک لەڕێز سێبەری ڕژێمی دیکتاتۆری سەددامداو لە میسرو لە لیبیاو هەندێ وڵاتانی عەرەبی تر دەبینران.

سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی دوورودرێژی حوکمڕانی و پەیوەندی دیبلۆماسی هەیە کە دەتوانێ سەرکەوتووانە لە داهاتوودا سوودی لێوەربگرێ، چونکە بە بڕوای زۆرینەی گەلەکەمان دیپلۆماتی کارامە و سەرکەوتوو بووەو لە تەنگ و چەڵەمە گەورەکاندا توانیویەتی زۆر شارەزا و لێهاتووانە سوودی لێ وەربگرێ و بیخاتە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، هەروەک هێمنی و میانڕەوی لە گفتوگۆی نێوان حزبە کوردییەکان و عێراقییەکانیشدا هەمیشە ئاسانکاری بۆ لێکتێگەیشتن و نزیککردنەوەیان لە یەکتری کردووەو بە بڕوای سیاسەتمەدارانیش تێیدا سەرکەوتوو بووە.

پاراستنی پارسەنگی لە مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەرەوەدا بە شاهێدی هەمووان سەرکەوتوو بووە، چونکە هەموو ئەو وڵاتانە وەک دۆست تەماشای دەکەن نەک نەیارو ئەوەش هەر بۆ ئەزموونی دوورودرێژی خۆی لە حوکمڕانیداو ئەزموونی خەباتی دوورودرێژی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ دەتوانێت ئەو هەموو ئەزموونە بخاتە خزمەت ئەم چوار ساڵی سەرۆکایەتییەوەو هەرێمی کوردستان جارێکی تر بەرەو خۆشگوزەرانی و تەبایی نێو لایەنەکان و یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو ئاسایشی کوردستان ببات و قۆناغێکی نوێ لەبەرقەرارکردنی ئاشتی و دادی کۆمەڵایەتی و داهاتوویەکی گەش بۆ ئەم هەرێمە بنیات بنێت.

بۆیە دەبێت هەموو لایەکمان وەک سەرۆک مسعود بارزانی لە وتارەکەیدا فەرمووی، تواناکانمان بخەینە خزمەتی سەرۆکی نوێی هەرێم و پشتیوانی بین لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی داهاتوودا، سەرکەوتنی بەڕێزیان سەرکەوتنی گەلەکەمانە.

سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی خوارد

سەلام عەبدوڵڵا

دوێنێ لە ڕێورەسمێکی شایستەدا سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی سوێندی یاسایی خواردو لە وتارەکەیدا جەختی لەسەر پابەندبوونی خۆی کردەوە کە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا پابەندی دەبێ بۆ خزمەت و پێشەوەچوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، هەروەک جارێکی تر پابەندبوونی خۆی بە چەسپاندنی دیموکراسی و یەکڕیزی گەلەکەمان کردەوەو سوپاسی هەموو لایەنەکانی کرد کە بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان کرد بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و تەنانەت ئەوانەی دەنگیشیان پێنەداوەو بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمانیش بۆ ئەو مەبەستە نەبوون.

ئەمەش خودی بڕوابوونە بە پرەنسیپی سیستەمی دیموکراتی کە هەموو لایەنەکان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان دەنگ بە کێ بدەن یان نەدەن کە ئەوەش جەوهەری سیستەمی دیموکراتییە، چونکە تەنیا لە سیستەمە شمولییەکان و وڵاتانی نادیموکراتی و دیکتاتۆری ڕێژەی لە سەداسەد یان نەوەدنۆ کۆمانۆ دەبینرێ وەک لەڕێز سێبەری ڕژێمی دیکتاتۆری سەددامداو لە میسرو لە لیبیاو هەندێ وڵاتانی عەرەبی تر دەبینران.

سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی دوورودرێژی حوکمڕانی و پەیوەندی دیبلۆماسی هەیە کە دەتوانێ سەرکەوتووانە لە داهاتوودا سوودی لێوەربگرێ، چونکە بە بڕوای زۆرینەی گەلەکەمان دیپلۆماتی کارامە و سەرکەوتوو بووەو لە تەنگ و چەڵەمە گەورەکاندا توانیویەتی زۆر شارەزا و لێهاتووانە سوودی لێ وەربگرێ و بیخاتە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، هەروەک هێمنی و میانڕەوی لە گفتوگۆی نێوان حزبە کوردییەکان و عێراقییەکانیشدا هەمیشە ئاسانکاری بۆ لێکتێگەیشتن و نزیککردنەوەیان لە یەکتری کردووەو بە بڕوای سیاسەتمەدارانیش تێیدا سەرکەوتوو بووە.

پاراستنی پارسەنگی لە مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەرەوەدا بە شاهێدی هەمووان سەرکەوتوو بووە، چونکە هەموو ئەو وڵاتانە وەک دۆست تەماشای دەکەن نەک نەیارو ئەوەش هەر بۆ ئەزموونی دوورودرێژی خۆی لە حوکمڕانیداو ئەزموونی خەباتی دوورودرێژی بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ دەتوانێت ئەو هەموو ئەزموونە بخاتە خزمەت ئەم چوار ساڵی سەرۆکایەتییەوەو هەرێمی کوردستان جارێکی تر بەرەو خۆشگوزەرانی و تەبایی نێو لایەنەکان و یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو ئاسایشی کوردستان ببات و قۆناغێکی نوێ لەبەرقەرارکردنی ئاشتی و دادی کۆمەڵایەتی و داهاتوویەکی گەش بۆ ئەم هەرێمە بنیات بنێت.

بۆیە دەبێت هەموو لایەکمان وەک سەرۆک مسعود بارزانی لە وتارەکەیدا فەرمووی، تواناکانمان بخەینە خزمەتی سەرۆکی نوێی هەرێم و پشتیوانی بین لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی داهاتوودا، سەرکەوتنی بەڕێزیان سەرکەوتنی گەلەکەمانە.



سەرۆک بارزانی و وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوونەوە


دوێنێ دووشەمە 2019/6/10 لە شاری هەولێر سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ مەولود چاوش ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبۆوە.

لە دیدارەکەدا وەزیری دەرەوەی تورکیا پیرۆزبایی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستانی لە سەرۆک بارزانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و جەختی لە پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتەکەی و بایەخی سەقامگیریی هەرێم کردەوە.

هەر لەو دیدارەدا وێڕای ئاماژەدان بە پەیوەندییە مێژوویییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، هەردوولا لەسەر پەرەپێدانی ئەوە پەیوەندییانە هاوڕا بوون.

هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ و ناوچەکانی تر نیشان دا. تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و دوا پێشهاتەکان تەوەرێکی تری ئەو دیدارە بوو.

مەسرور بارزانی و وەزیری دەرەوەی تورکیا پەرەپێدانی پەیوەندییەکان تاوتوێ دەکەن



دوێنێ دووشەمە 2019/6/10 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە مەولود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا و شاندی یاوەری کرد.

لەم دیدارەدا پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە و دوا پەرەسەندنەکانی ناوچەکە تاوتوێ کران و جەخت لە پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش و سەقامگیری و ئاسایش و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گەلانی ناوچەکەدا کرایەوە. وەزیری دەرەوەی تورکیا، وێڕای بەئاوات خواستنی سەرکەوتن بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، فراوانکردنی ئاسۆی هاریکاری و پەرەپێدانی پەیوەندی دوو قۆڵی لەنێوان هەردوولا لەگشت بوارەکان بەپێویستزانی.

لە بەرامبەردا مەسرور بارزانی، وێڕای ئاماژەدان بەگرینگی بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە بواره جۆراوجۆرەکان دەربڕی.

سەلاحەدین بەهادین: دەبێ هەموو لایەک هاوکاری نێچیرڤان بارزانی بن



ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی، پرۆسەی سوێندخواردنی یاسایی سەرۆکی هەرێم بە بۆنەیەکی نیشتیمانیی گەورە ناو دەبات، هیواخوازیشە ئەم بۆنەیە ببێتە هۆی ئاشتەواییەکی گشتی، هاوکات ئەوەیشی گوت، کە دەبێ هەموو لایەک هاوکاری نێچیرڤان بارزانی بن. سەلاحەدین بەهادین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەبارەت بە پرۆسەی سوێندخواردنی یاسایی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی رایگەیاندووە، بۆنەیەکی گەورەی نیشتیمانییە، هاوکات هیوایشی خواست کە ببێتە مایەی ئارامی و ئاسایش و ئاشتەواییەکی گشتی بۆ هەموو لایەک، گوتیشی: ئێمە بۆنەکە پیرۆز دەکەین، کاک نێچیرڤان لە بیست ساڵی ڕابردوودا کاریگەریی خۆی لە ساحەی سیاسییدا هەبووە، بە هیوایشین ئەو چاوەڕوانییەی کە هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەزموون و قەوارەی هەرێمی کوردستان، بیهێنێتە دی.

نێچیرڤان بارزانی سوێندی یاسایی خوارد و وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستبەرکار دەبێت

نێچیرڤان بارزانی: خەبات و تێکۆشان و سەرکردایەتیکردنی سەرۆک بارزانی، ئیلهامبەخشی ئێمەیە بۆ هەنگاونانی دروست بەرەو ئایندە

سەرۆکایەتیی هەرێم چەتری یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهاتەکان دەبێت

سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش و تێکشکاندنی خەونی تاریکپەرستان



خەبات/ ڕووداوەکانی ڕۆژ

دوێنێ دووشەمە 2019/6/10 لە دانیشتنی ژمارە 7ی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان، لە مەراسیمێکدا کە لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد.

مەراسیمەکە بە بەشداری، سەرۆک بارزانی، بەرهەم سالح سەرۆککۆماری عێراق، محەمەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عەمار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمە، نوێنەری سەرۆکوەزیرانی عێراق گوتاری عادل عەبدولمەهدی، مەولوود چاوشۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا و شاندێکی یاوەری، ئامر السبهان وەزیری دەوڵەتی سعوودیە بۆ کاروباری کەنداو بەڕێوەچوو، کە بە سەدان بەرپرسی حکوومی و حزبی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ئامادە بوون، هەروەها نوێنەری وڵاتان لە باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکان و نوێنەری وڵاتان و کەسایەتییە ناوخۆیی و بیانییەکان بەشداربوون. دوای سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتارێکی پێشکەشکرد و لە بەشێکی گوتارەکەیدا سەبارەت بە ڕۆڵی سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: جەنابی سەرۆک بارزانی بە ئەزموونی نزیکەی55 ساڵی خەبات و تێکۆشانی خۆی لە شۆڕش و سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیکردنی شۆڕشدا، بە حیکمەت و لێزانی و شارەزاییی خۆی، گەلی کوردستانی لە هەڕەشە و مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، بۆ کەناری ئارامی پەڕاندەوە. هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتیشی: دوای ڕاپەڕین، ئازاری ساڵی 1991 لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە کۆیە، بۆ یەکەمجار جەنابی سەرۆک بارزانی داوای کرد کە بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن بکرێت و گەلی کوردستان نوێنەرانی خۆی لە پەرۆسە و دەنگدانێکی دیموکراسیدا هەڵبژێرێت، خەبات و تێکۆشان و سەکردایەتیکردنی سەرۆک بارزانی، ئیلهامبەخشی ئێمەیە بۆ هەنگاونانی دروست بەرەو ئایندە. هەر لە مەراسیمەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: جارێکی دیکە سەرجەم کوردستانیانی ئازیز دڵنیا دەکەمەوە کە سەرۆکایەتیی هەرێم چەتری یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی دەبێت، بە جیاوازیی بیر و بۆچوونەکانیانەوە، لەپێناو پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئارامیی گەلی کوردستاندا. سەرۆکی هەرێم ڕاشیگەیاند: ئەم ڕێورەسمەی ئەمڕۆش کە زادەی پرۆسەی دیموکراسییە، بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و کۆڵنەدانی جەنابی سەرۆک بارزانی گەلەکەمانە، بەرهەمی خەباتیانە بەرەو بەدیموکراسیکردنی هەرێمی کوردستان.

دەقی وتارەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی،
بەڕێز جەنابی د. بەرهەم سالح سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ،
بەڕێز محمد الحلبوسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق،
بەڕێز مەولوود چاوشۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا،
بەڕێز ئامر السبهان، وەزیری دەوڵەتی سعوودیە بۆ کاروباری کەنداو،
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان،
بەڕێزان باڵیۆزانی وڵاتان لە عێراق،
دیپلۆماتکاران، سەرکردە و سیاسەتمەداران و لایەنە سیاسییەکان،
میوانان و نامادەبووانی خۆشەویست لە عێراق، لە بەغدا کە تەشریفتان هێناوە هەموتان بەخێر بێتن.
ڕۆژتان باش.

مایەی خۆشحاڵیمانە کە ئەمڕۆ هەموتان لێرەن و لەم ڕێورەسمەدا لەگەڵ ئێمە بەشدارن.

بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان، نوێنەرانی گەلی هەرێمی کوردستان بە گشت ڕەنگ و بیر و بۆچوونەکانیەوە:

سوپاس کە ئێوە وەک نوێنەرانی گەل، دەنگتان دا بە هەڵبژاردنم وەک سەرۆکی هەرێم چوار ساڵی داهاتوو. سوپاس بۆ هەموان، سوپاس بۆ ئەوانەی دەنگیان دا، ئەوانەی دەنگیان نەدا، ئەوانەی ڕۆژی دەنگدان نەچوونە پەرلەمان. سوپاسی هەر هەموتان دەکەم.

هەر یەک لە ئێوە، بە خواستی خۆی و بە نوێنەرایەتیی دەنگدەر، لەسەر ڕاسپاردەی ئەو حزبەی نوێنەراتی دەکەن لە پەرلەمان، ماف و ئەرکی دیموکراسیی خۆتان پیادە کرد. لەم کاتەدا، گەورەترین دەستکەوت بەردەوامبوونی خودی پرۆسەی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستان. سوپاس کە متمانەتان پێدام.

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا و لە کاتی خۆئامادەکردن بۆ ئەم ئەرکە نوێیە، گەلێک یادی خۆش و ناخۆش دێنەوە بیرمان. هەندێک ڕووداو دوورن، بەڵام لە هەستی مرۆڤایەتیماندا خۆیان چەسپاندووە و بە ئاسانی لە بیر ناکرێن. لە بیریان ناکەین، تا لێیان فێر ببین.

هەندێک ڕووداو هێندە نوێن، هێشتا خۆشی و ناخۆشییان لەگەڵ هەست و هزر و کاری ڕۆژانەماندا، خۆیان تێکەڵ دەکەن. ناخۆشترین یادی نوێ، هێرشی دڕندانەی داعش بوو بۆ سەر چەندین شار و شارۆچکە و گوندی هەرێمی کوردستان و عێراق. شێوازی کوشتاری تیرۆریستانی داعش هەموومانی تووشی شۆکێکی بێ وێنە کرد، دنیای هەژاند.

زۆر کەس پێشبینیی دڕندەیی لەو جۆرەی نەدەکرد. زۆر کەس بڕوایان نەدەکرد لە سەدەی بیست و یەکدا هێزێکی تاریکپەرستی وا، دەستی بچێتە ئەو هەموو دڕندەیی و ئەو هەموو تاوانە. بۆ ماوەیەکی کورت لەوە دەچوو کە تیرۆرستان لە مەرام و مەبەستیان بۆ تۆقاندنی دونیا، سەرکەوتوو بن.

جەنابی سەرۆک بارزانی، ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی بینی لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش و تێکشکاندنی خەونی تاریکپەرستی و وێرانکارییان.

جەنابیان وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بەوپەڕی توانایەوە ڕاستەوخۆ بەشداریی پاراستن و بەرگری لە هەرێمی کوردستان کرد.

شەونخوون و بێ وچان لە بەرەی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکان، بە سەبر و خۆڕاگری، ئەزموونی پێشمەرگایەتی هەر لە (16) ساڵییەوە تا ئەمڕۆی خستە خزمەتی بەرگری و پاراستنی ژیان و مرۆڤایەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و لەسەر ئاستی جیهانیش.

لەو قۆناغە سەختەدا، جگە لە ڕۆڵی سەربازیی یەکلاکەرەوە و بەرزکردنەوەی وەرە و بڕوای پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگدا جەنابی سەرۆک بارزانی بە ئەزموونی نزیکەی (55) ساڵی خەبات و تێکۆشانی خۆی لە شۆڕش و سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیکردنی شۆڕشدا، بە حیکمەت و لێزانی و شارەزاییی خۆی، گەلی کوردستانی لە هەرەشە و مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، بۆ کەناری ئارامی پەڕاندەوە.

ئەم ڕێورەسمەی ئەمڕۆش کە زادەی پرۆسەی دیموکراسییە، بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و کۆڵنەدانی جەنابی سەرۆک بارزانی و تێکۆشەرانی گەلەکەمانە.

بەرهەمی خەباتیانە بەرەو بەدیموکراسیکردنی هەرێمی کوردستان.

دوای ڕاپەڕین، ئازاری ساڵی 1991 لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە کۆیە، بۆ یەکەمجار جەنابی سەرۆک بارزانی داوای کرد کە بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن بکرێت و گەلی کوردستان نوێنەرانی خۆی لە پەرۆسە و دەنگدانێکی دیموکراسیدا هەڵبژێرێت. خەبات و تێکۆشان و سەکردایەتیکردنی سەرۆک بارزانی، ئیلهامبەخشی ئێمەیە بۆ هەنگاونانی دروست بەرەو ئایندە.

پێشمەرگە سەلماندی کە وەک هەمیشە دەتوانێ بەرگری لە وڵات بکات. لە قۆناغی داهاتوودا هەموو هەوڵێک دەدەین کە لە هەموو ڕوویەکەوە پێشمەرگە ڕێکبخرێتەوە و بەهێز بکرێت و وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراق، ماف و شایستە دەستووریەکانی خۆی بە دەست بهێنێت. سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین کە بۆ ئەم مەبەستە هاوکار و پشتیوانن.

بەڕێزان،

هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدرالیی دەستووریی عێراق، سەلماندوویەتی کە بەشێکی دیار و کاریگەری ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و ڕۆڵی بەرچاوی لە پاراستنی سەقامگیری و هاوسەنگیی ئابووری و سیاسیی ناوچەکەدا هەیە. هەموو پێشکەوتنە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە و جیهانیش، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە.

بۆیە قۆناغەکانی داهاتوو، هاوکاری و هەماهەنگی و پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانمان لێ ڕۆڵی میژوویی خۆیان بینی لەو قۆناغە ناسکەی هەرێم و عێراق و جیهاندا. بۆ بەرگریی ئێمە لە عێراق، بەرگری بوو لە مرۆڤایەتی، بەرگری بوو لە مافی ژیان و سەرفرازی.

وڵاتانی هاوپەیمانیی دژی داعش ڕۆڵی کاریگەر و بڕیارنەیان بینی لە هاوکاری و سەرپەرشتیی پێشمەرگە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش. سوپاسی بێ پایان بۆ حکوومەت و هێزی سەربازیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا و هەموو وڵاتانی بەشدار لە ناوچەکە و لە جیهان، کە بوونە هاوکار و گەرەنتیی گەڕانەوەی هیوای ژیان و ئاشتی و ئازادی، لە هەرێمی کوردستان و لە تەواوی عێراق.

پێشمەرگە سەلماندی کە وەک هەمیشە دەتوانێ بەرگری لە وڵات بکات. لە قۆناغی داهاتوودا هەموو هەوڵێک دەدەین کە لە هەموو ڕوویەکەوە پێشمەرگە ڕێکبخرێتەوە و بەهێز بکرێت و وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراق، ماف و شایستە دەستووریەکانی خۆی بە دەست بهێنێت. سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین کە بۆ ئەم مەبەستە هاوکار و پشتیوانن.

بەڕێزان،

هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدرالیی دەستووریی عێراق، سەلماندوویەتی کە بەشێکی دیار و کاریگەری ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و ڕۆڵی بەرچاوی لە پاراستنی سەقامگیری و هاوسەنگیی ئابووری و سیاسیی ناوچەکەدا هەیە. هەموو پێشکەوتنە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە و جیهانیش، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە.

بۆیە قۆناغەکانی داهاتوو، هاوکاری و هەماهەنگی و پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانمان لێ دەخوازێت لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و دۆستانمان لە جیهاندا. بۆ ئەم مەبەستە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزلێگیرتن، دەمانەوێت دەستی هاوکاری و هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی بۆ هەموان درێژ بکەین.

لەسەر ئاستی جیهان و لە زۆربەی زۆری وڵاتاندا، ئێمە بە قۆناغێکی ناسکی جیاوازیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕین. کۆمەڵگەی ئێمەش، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی، بێ داخوازیی سەربەستی، ئازادی، گەشەی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی نییە. لە هەمان کاتدا، وەک زۆربەی میللەتانی دیکە، ئێمەش بێ ململانێی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئایدۆلۆژی نین.

لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئێمە زۆر جار لە فەرهەنگی سیاسی و نەریتی میدیاییماندا پتر لە پێویست جەخت لەسەر ململانێ، ناتەبایی و ناسازیمان دەکەین. با لەمەودوا لە گشت ئاستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لەگەل یەکتر کۆک و تەبا و ساز بین.

پێم وا نییە ئەمە داخوازییەکی لەتوانابەدەر بێت بۆ هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. پێم وا نییە هیچ کەسێکی خەمخۆری ئەم میللەتە، ئەو ئاواتە نەخوازێت. کۆکبوون، تەبایی و سازانمان، نالێت جیاوازیی بیروڕا و بۆچوومان وەلاوە بنێین.

دەزانم ململانێ و جیاوازی هەر دەمێنن، ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام داوا دەکەم با بیرکردنەوەمان ناکۆک، ناتەبا و ناساز نەبێت. لەبری بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی بنکۆڵکردنی پێگەی یەکتر، با بیر و هەڵسوکەوت و کردارمان پێکەوە و بنیاتنەرانە بێت بۆ گەڕان بە دوای چارەسەری هاوبەش و ئایندەی هاوبەشدا.

با نیشتمان کۆکەرەوەی هەموومان بێت. با نوێنەرانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بە هەموو ڕەنگ و جیاوازییانەوە، بەشداریی ژیانەوەی هەرێم و بەهێزکردنی بنەمای ڕەوتی بەرەو ئایندەمان بکەن.

داوا و خواستی من وەک سەرۆکی چەند ساڵی داهاتووی هەرێمی کوردستان ئەوەیە پێکەوە کار بکەین بۆ هێنانەدی ئاواتی لە خۆمان و لە هەریەک لە حزبەکانمان گەورەتر بۆ ئەم وڵاتە.

پێکەوە ئاراستەی هاوبەشمان دەستنیشان بکەین. پێکەوە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق، پێکەوە لەگەڵ دراوسێکانمان، پێکەوە لەگەڵ دۆستە نێودەوڵەتییەکانمان، پێکەوە لەگەڵ ڕێکخراوانی نێودەوڵەتی، بارودۆخی نوێی گونجاو لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگەی هاوبەشی هەرێم، ژیان و نیشتمانی هاوبەشمان بپارێزین.

هیچ گومانم نییە کاتێک پێکەوە نەخشەڕێی نوێی هاوبەش بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دادەنێین، ڕێ هەڵە ناکەین. بۆ هەموومان ئاشکرا دەبێت بە چ ئاراستەیەک هەنگاو دەنێین و چی پێویست دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشمان.

دەبێت لەگەڵ حکوومەتی فیدرال لە بەغدا پێکەوە کار بکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش لە چوارچێوەی دەستووری فیدرالی عێراقدا. ئەو دەستوورەی کە گەلانی عێراق چەندەها ساڵ خەونیان پێوە دەبینی تا ببێتە بنەمای عێراقێکی نوێ، کە تێیدا مافەکانی هەرێم و هەموو عێراقییەکان لە چوارچێوەی حوکمڕانییەکی دیموکراتی فیدرالدا بپارێزرێت. دەستوورێک کە چوار لەسەر پێنجی دەنگدەران لە سەرتاسەری عێراق دەنگیان پێدا. دەستوورێکی فیدرالی کە جێبەجێکردنی تەواوی ماددە و بەندەکانی ببێتە

ئارامی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی ئامانجی سەرەکیمان دەبێت بە گرتنەبەری دیالۆگ لە چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا

ئەوپەڕی توانا و ئەزموونی خۆم و پۆستەکەم بەکاردەهێنم بۆ هاوکاریکردنی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی نوێ و کابینەکەی

ئێمە ئومێدمان بە دەستووری عێراق هەبوو بەڵام بە داخەوە نەتواندرا وەک خۆی جێبەجێبکرێت



زامنکردنی پێکەوەژیان، لێککگەیشن، یەکتر پەسەندکردن و بەهێزکردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق.

ئێمە ئومێدمان بە دەستوور هەبوو، بەڵام بە داخەوە نەتوانرا وەک خۆی جێبەجێ بکرێت. نەتوانرا ئەو عێراقە نوێیە بنیات بنرێت کە هەموو گەلانی عێراق خەونیان پێوە دەبینی. ئەو عێراقە نوێیەی کە هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بنیاتنانی هەموو دامەزراوەکانیدا، ڕۆڵ و بەشداریی کارای هەبووە و بەرگری لێ کردووە.

لە عێراق هیچ بەدیلێکی دیکە بۆ دەستوور نییە. بە ئەزموون ئەوەمان بینی کە پشتگوێخستنی بە مەبەست و بێ مەبەست، یان جێبەجێ نەکردنی هەر بەندێکی ئەو دەستوورە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناتەبایی و ناسازیی نوێ لەنێوان پێکهاتە عێراقییەکاندا.

دەتوانین بە لێککگەیشتن و کاری هاوبەش جارێکی دیکە دەستوورەکەمان زیندو بکەینەوە. ڕێزی لێ بگرین و بێ جیاوازی جێبەجێی بکەین. بۆ ئەوەی تاریکپەرستانی وەک داعش دروست نەبنەوە، کارەساتی وەک شنگال و ناوچەکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان دووبارە نەبنەوە.

تاکو عێراق و هەرێمی کوردستان ئارامتر و ئاوەدانتر بن و لە مەترسیی شەڕ و تیرۆر بە دوور بن کە هێشتا بە جددی هەرەشە لە عێراق و ناوچەکە و لە جیهانیش دەکات و لێمان دەخوازێت پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ بین بۆ ڕووبەڕووبونەوە و نەهێشتنی.

ئامادەبوانی بەڕێز،

لە مێژووی دوور و نزیکماندا شەڕ بووەتە هۆی وێرانکاری، دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەرەسهێنانی ئابووریمان. زۆر جار شەڕفرۆش بیر لەوە ناکاتەوە کە ئاگری شەڕ مالّی خۆیشی دەگرێتەوە. باشترین نمونە کە هەموومان لە بیرمانە، هێرشی ڕژێمی بەعس بوو بۆ سەر کوردستان، ئێران و کوێت. لە کۆتاییدا عێراق وێران بوو، خەڵێکێکی زۆری بێ گوناھ کوژران. ژیان و ئابووری و باری دەروونیی خەڵکی ولاتەکە تێکچوو.

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بڕیاری کۆمەڵکوژی، بووە سیاسەتی پەیڕەوکراوی ڕژێم. تا ئێستاش خەڵکی ئەم ولاتە و ئەم هەرێمە و تەنانەت ناوچەکەش، باجی سیاسەتی شەڕفرۆشیی ئەو قۆناغانە دەدەن و هێشتا دیار نییە کەی کاریگەرییە خراپەکانی کۆتایی دێن.

با بڕینی ڕابردوومان بە لێبوردەیی و سنگفراوانی سارێژ بکەین، نەک تۆڵە و پلانی نەگونجاو لەگەڵ پێکەوەژیان.

ئامادەبوانی بەڕێز،

کوردستانیانی خۆشەویست..

با پێکەوە، ڕاشکاوانە، بە نیازی پاک و کرداری شیاو و هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەوە، هەنگاوی بیناتنەرانە بنێین بۆ ڕێکەوتن لەسەر نەخشەڕێی هاوبەش، بۆ ولاّت و حوکمڕانییەکی بێ جیاوازیی نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی و ناوچەیی.

گەلی کوردستان هەمیشە ویستی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستیی خۆی نیشان داوە. مایەی شانازیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە کە هەرگیز ڕێگەی نەداوە شەڕی ڕژێمەکانی پێشووتری عێراق کە بەسەر گەلی کوردستاندا سەپێنرا بوو، ببێتە شەڕی نێوان کورد و عەرەب.

زۆر جار خەڵک باسی ئەوە دەکەن کە سەرتاسەری عێراق دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی، بەڵام با لەمەودوا بۆ خۆمان و هەموو دنیا بسەلمێنین کە ئێمە پاراستنی ژیان و پێکەوەژیانمان لە هەموو سەرچاوەیەکی سروشتی لا گرنگترە لە عێراقدا .

لەسەر ئاستی هەرێم، با پێکەوە سیاسەتی ئاشتەواییی کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیان و گەشەی ئابووری و سازانی سیاسی دابڕێژین. گۆڕانکاریی خێرای هەرێم پێویستی بە دیدی هاوبەش، دوور لە ناکۆکی، ناتەبایی و ناسازی دەبێت.

لە کۆتاییدا، هەموو بەرپرس دەبین لە سەرکەوتن و لە شکستهێنان. هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان پێویستییان بە پاراستنی ماف و مولک و سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆییان هەیە.

کاتێک ئێمە هەوڵ دەدەین، پێکەوە ئارامی و ئاسایشی هەرێم بپارێزین، بەهێزی بکەین، کاتێک بەردەوام هەوڵ دەدەین بۆ بووژانەوەی ئابووری و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیان لەگەڵ دۆستانی دوور و نزیک و دراوسێکانمان، نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە هەریەکێک لەوانیش بە هەمان شێوەی ئێمە بەرژەوەندیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە.

پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای لێککگەیشتن و ڕێزلێکگرتن، بەرژەوەندیی هەموان دەپارێزێت لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و داب و دەستووری دیپلۆماسی و سەروەریی هەر ولاتێک و پێکهاتە دەستوورییەکانیدا.

بێگومان ئەرکی سەرۆکی هەرێم دەبێت ڕێ خۆش بکات و زەمینەسازی بکات بۆ لێکنزیکبوونەوەی هەرێم لەگەڵ دراوسێکانمان بۆ گەشەپێدانی ئابووری، بازرگانی، بەهێزکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی و دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ گرفت و بەرژەوەندیی هاوبەش. ئەم جۆرە کارکردنە هیچ کات نابێتە مەترسی بۆ عێراق، بەڵکو دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانە و دراوسێیانە لەسەر هەموو ئاستەکان.

خۆشەویستان،

پاراستن و گەشەپێدانی پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ دۆستان و هێزی نێودەوڵەتی کە مانەوە و سەقامگیریی هەرێمیان مەبەستە و بە بەرژەوەندی دەزانن، ئەرکی سەرشانی سەرۆکی هەرێم دەبێت. هەموومان دەزانین، بێ هاوکاری و هەماهەنگی و فریاگوزاریی هێزی نێودەوڵەتی، داعش دەیتوانی زیانێکی گەلێک مەزنتر بە کوردستان و عێراق و جیهان بگەیەنێت. بێگومان هاوکاری و کۆمەکی سەربازی، بووە هۆی سەرکەوتنی بەرگریی ئێمە بۆ شکستهێنان بە داعش.

سوپاس بۆ خۆڕاگریی یەک بە یەکی خەڵکی هەرێمی کوردستان، کە وێڕای شەڕ و کەمبوونی مووچە و سستیی بازاڕی کار و دابەزینی چالاکیی ئابووری، لە هەستیاریی دۆخەکە تێگەیشتن و یارمەتیی حکوومەتی هەرێمیان دا، تاکو سەختی و نەهامەتی و نەبوونیی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی، بە سەربەرزی تێپەڕاند.

ئەگەر ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو ڕێنیشاندەرمان بێت، دەبێت لەسەر ئەو ڕاستییە کۆک بین کە وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی سەردەم، داننان بە جیاوازییەکانمان، نابێتە ڕێگر لە سەرخستنی خواست و مەبەست و بەرژەوەندیی گشتیی هەرێمی کوردستان. سەرباری هەموو جیاوازییەکانمان، شایستەی داهاتوویەکی باشترین بۆ نەوەی ئێستا و نەوەکانی ئایندەمان. سەرکەوتنی نەوەی تازە لە خوێندن و فێربوون و شارەزایی لە زانست، فەرهەنگ، تەکنۆلۆژیا، ئەندازیاری، پزیشکی، کۆمەڵناسی، دەروونناسیی، میژوو و بابەتی پەیوەندیی مرۆیی، کۆمەڵگەی ئێمە بەرەو ئایندەیەکی گەشتر دەبات.

پێکەوەژیانمان، گەشەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و هەموو بوارێکی دیکە، پێویستی بە کاری جددی و گونجاو هەیە بۆ پاراستنی سروشت و ژینگە، بە جۆرێک لەگەڵ بەرپرسیاریەتیی ئێستا و قۆناغی داهاتوومان، ژینگە وەک سەرچاوەی سەرەکیی ژیان، زەرەرمەند نەبێت. بە کاری هاوبەشمان وەفادار دەبین بۆ خەباتی نەوەی پێش خۆمان. بە ئەمانەتەوە ولاتەکەمان دەدەینە دەست نەوەکانی داهاتوو. بۆ گەیشتن بە ئامانج و کاری هاوبەشمان، وەک سەرۆکی هەرێم، ئەوپەڕی توانا و ئەزموون و خواستی خۆم و پۆستەکەم، بەوپەڕی جددیەوە بەکاردەهێنم بۆ هاوکاریکردنی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی نوێ و کابینە و هەموو وەزیرەکانی، تاکو لە بەرپرسیاری و کاری خۆیاندا سەرکەوتوو بن. سەرکەوتنی هەر یەکێک لە ئێمە، سەرکەوتنی هەمومانە.

جارێکی دیکە سەرجەم کوردستانیانی ئازیز دڵنیا دەکەمەوە کە سەرۆکایەتیی هەرێم چەتری یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی دەبێت، بە جیاوازیی بیر و بۆچوونەکانیانەوە، لەپێناو پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئارامیی گەلی کوردستاندا.

هەرێمی کوردستان مولکی هەموو کوردستانییانە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، سەرۆکایەتیی هەرێمیش سەکۆی ئیرادە و خواست و مافەکانیان دەبێت بەبێ هیچ جیاکارییەک. بۆ هەموومان دەبێت و بە یەک چاو سەیری هەموواں دەکرێت.

دووپاتی دەکەمەوە کە ئارامی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و زامنکردنی مافی تاک و کۆمەڵگە، ئامانجی سەرەکیمان دەبێت بە گرتنەبەری دیالۆگ لە چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال لە چوارچێوەی دەستووردا، هەروەها پاراستنی پەیوەندیی دۆستانەی بەهێز لەگەڵ ولاتانی دراوسێ و ناوچەکە و بەردەوامیدان بە بەهێزکردنی پێگە و سەنگی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

کاری جددی دەکەین و هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، زامنکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و بەها و پرەنسیپەکانی جیهانی پێشکەوتوو، دابینکرنی ماف و شایستەی هەموو چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگە، نەهێشتنی هەموو جۆرە تووندوتیژییەک، پتەوکردنی پێکەوژیان و تەبایی و یەکترقبووڵکردن لە ولاتێکدا کە ولاتی هەموواں بێت و هەموو تاکێک خۆی بە خاوەنی ئەم ولاتە بزانێت. هەموومان یەک خۆر لەسەرمان هەڵدێت و یەک ئاسمان داماندەپۆشێ، یەک ئایندە و یەک چارەنووسیشمان هەیە.

سوپاس بۆ سەرۆک و سەرکردەی ولاتان و هەموو ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و لە هەر شوێنێکی جیهانەوە بێت، بە نامە و بڕووسکە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، پیرۆزباییان لێ کردین.

دووبارە سوپاس بۆ ئامادەبوونتان، هیوای سەرکەوتن و ڕۆژێکی خۆشتان بۆ دەخوازم.

زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

نێچیرڤان بارزانی و چاوشێۆغلۆ کۆبوونەوە



لە پەراوێزی ڕێورەسمی سوێندخواردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 10/6/2019بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز مەولوود چاوشێۆغلۆ وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیا کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز چاوشێۆغلۆ پیرۆزباییی خۆی و بەڕێز سەرۆک ڕەجەب تەییب ئەردۆگان سەرکۆماری تورکیای بە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیاند و هیوای خواست لە ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت، هەروەها ئامادەیی ولاتەکەی بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پتەوترکردنی پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکاندا نیشان دا و پشتگیریی ولاتەکەی بۆ هەرێم و حکوومەت و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی سەردانەکە و بەڕێز سەرۆک ئەردۆگانی کرد کە لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێم لێکردووە، ئامادەیی هەرێمیشی بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا نیشان دا. تاوتوێکردنی چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە ناوچەکەوە بەگشتی، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

د. بەرهەم سالّح:

گەورەیی کاک مسعود بە پلە و پۆست نییە

بەرهەم سالّح سەرۆک کۆماری عێراق لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی وتارێکی پێشکەش کرد و ڕۆژەکەی بە میژوویی و گرنگ ناوبرد و پشتیوانی خۆشی بۆ دەربڕی و هاوکات باسی لە ڕۆڵی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی کرد و بە کاریگەر و گەورە ناوی برد لە ڕێبەڕایەتیکردنی گەلی کوردستان.

ئەمەش دەقی وتاری سەرۆک کۆماری عێراق:

لە هەوڵێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی کۆمۆنیەتەوە بەبۆنەی دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، بۆنەیەکی میژوویی و گرنگە وێڕای ئاماژە سیاسییەکانی، هیواداربین ببێتە سەرەتای قۆناخێکی نوێی پێشکەوتن و ئاشتەوایی و ئاوەدانی بۆ کوردستان و بۆ عێراق.

وێڕای پرۆزەیابی گەرم لە برای بەڕێزم کاک نێچیرڤان بارزانی و ئەو چاوەڕوانییە زۆرانەی کە هەموان لێمان هەیە، بەڵام بە پێوستی دەزانم بە ڕێز و پێزانینەوە ڕۆڵی جەنابی کاک مەسعود بارزانی بەرزبنرخێنین، وەک یەکەمین سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو پێگە و سەنگە دیارەی، کاریگەری گەورەی نواند لە ڕێبەرایەتی هەرێمی کوردستان و لە قۆناغی سەختی گۆڕانکاریەکاندا نەخشی لەبەرچاو و بڕیاردەری هەبووە، لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانین بۆ کاک کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری سەرۆکی هەرێم بە هەمان بۆنەوە دووپات بکەمەوە.

دڵنیام کەسایەتییە گەورە و کاریگەرەکان بە پلە و پۆستەوە دیاری ناکرێن، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم دەوری کاک مەسعود بۆ قۆناغی ئاینده بەردەوامە، ئەو کاک پشتیوانی کاک نەوشیروان مستەفا لە هەموو هەنگاوێکی گرنگدا بۆ سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەبێت و ئەرکی گرانی لەسەر شانە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەزموونەکە و بۆ ئاسوودەیی هاووڵاتیان.

مەسعودەی سەروو 50 ساڵ لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی و ڕۆڵی گەورەی لە ڕەوشی سیاسی کوردستان و عێراق و ڕێبەرایەتی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەمان لە کاک مەسعود دەبێت کە بۆ ئەم قۆناغەی ئاینەدەش بە دڵنیاییەوە پشتیوانی سەرۆکی هەرێمی تازە و حکومەتی هەرێمی تازە، بەڵام هاوکاری ساردژبوونی بریەنەکانی کورد و یەکخستنەوەی هێزو توانا کانی خەڵکی کوردستان بێت.

سەردەمانێک کاک مەسعود و جەنابی مام جەلال پێکەوە بۆ ویژدانیش بە هاوکاری و هاوسۆزی هەردووکیان بۆ خەڵکی کوردستان و هەموو عێراق کاریان کردووە، ئەو هاوکاری و هاوسۆزییە بەردەوام بوو تا کاتی کۆچی دوایی مام جەلال، ئەو هاوکاری و هاوسۆزییە بۆ هەموو کەس ئاشکرا بوو

ئەمڕۆ مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم رادەسپێردرێت

چاودێرانی سیاسیی کوردستان و ناوچەکە پێیانوایە مەسرور بارزانی دەتوانێت سەرۆکایەتیی حکوومەتێکی بەهێز بکات

ئا: شاخەوان برایم عەبدوللا

دوێنێ دووشەمە 2019/6/10 پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی سەعد عەبدوللا کۆبۆوە و دوای سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کۆبوونەوەکە بۆ ئەمڕۆ سێشەمە بە کراوەیی هێشترایەوە، د. ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش رایگەیاند: ڕۆژی سێشەمە واتە ئەمڕۆ، پەرلەمانی کوردستان بۆ دەستنیشانکردن و ناوزەندکردنی سەرۆکی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و کاندیدی سەرۆکی حکوومەتیش لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە رادەسپێردرێت.

مەسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پێشتر لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وەک کاندیدی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم دەستنیشانکرا، دوای ئەوەی دوێنێ نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی خوارد، ئەمڕۆ سێشەمە 2019/06/11 مەسرور بارزانی، کاندیدی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم رادەسپێردرێت، بۆ پێکهێنانی کابینەکەشی، ماوەی 30 ڕۆژ مۆڵەتی لەبەردەمدایە تا کابینەی نوێی حکوومەت پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

دوێنێ نێچیرڤان بارزانی، بە بەشداری سەرۆک بارزانی و کەسایەتیی و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و عێراق و هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا و نوێنەری وڵاتان لە بالێۆز و کونسوڵخانەکان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد.



مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتییکردنی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا، ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی گێڕاوە لە سەقامگیری و پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی هەرێمی کوردستان، کە بەهۆی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی لە کوردستاندا هەیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ستایشی کوردستان دەکەن لەوەی توانیویەتی ئاسایشی خۆی بپارێزێت و هاوکات بووە بە چەترێکیش بۆ لەخۆگرتنی زۆرترین ئاوارە و لێقەوماوانی ناوچە جیاوازەکانی عێراق کە بەهۆی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، هاوکات چاودێرانی سیاسی لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکەش پێیانوایە مەسرور بارزانی دەتوانێت سەرۆکایەتیی حکوومەتێکی بەهێز بکات، هاوکات هاووڵاتیانی کوردستانیش چاویان لەوەیە بەخێرایی کابینەی نۆیەم دروستبکرێت تا ئاوەدانی و خزمەتگوزاری زیاتر لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ئەنجامبدرێت و پرۆسەی چاکسازی دەستپێبکات.

وێستگەکانی ژیانی مەسروور بارزانی

- مەسروور بارزانی، ساڵی 1969 لە دایکبووە.
- ساڵی 1985 لە تەمەنی 16 ساڵی بووەتە پێشمەرگە و بەشداری شۆڕشی گوڵانی کردووە.
- بەشداربیەکی کارای لە داستانی خواکورک کردووە لە ساڵی 1988.
- ساڵی 1987 خوێندنی ئامادەیی لە ئێران تەواو کردووە.
- بەشداری لە ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی 1991 کردووە.
- ساڵی 1997 بەکالۆریوسی لە بەشی خوێندنی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئەمەریکی لە واشنتۆن وەرگرتووە و لە هەمان زانکۆ بۆ ماستەر لە بواری ئاشتی و چارەسەریی قەیرانەکان خوێندوویەتی.
- ساڵی 1998 گەڕاوەتەوە کوردستان.
- لە کۆنگرەی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرکردایەتی ئەو حزبە هەڵبژێردراوە و دواتر بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.
- ساڵی 1998 بووە بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی پاراستنی کوردستان.
- لە ساڵی 2010 بە دەنگی یەکەمی ئەندامانی کۆنگرەی 13ی پارتی بۆ سەرکردایەتیی پارتی هەڵبژێردرایەوە و بووەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
- لە ساڵی 2012 بووەتە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
- ساڵی 2005 دەزگای خێرخوازی بارزانیی نەمری دامەزراندووە، کە ڕۆڵێکی کارایی هەبووە لە هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەران و لێقەوماوانی کوردستان و ناوچەکە.
- دامەزرێنەر و سەرۆکی بۆردی ئەمینداراتی زانکۆی ئەمەریکی کوردستانە لە دهۆک.
- بەشداربیەکی کارا و کاریگەربیەکی بەهێزی هەبوو لە شەڕی تیرۆریستانی داعش لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکە، لە ڕووی بەشداری ڕاستەوخۆ لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شەڕی هەواڵگری.
- پەیوەندییەکی فراوانی هەیە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانی بۆ خزمەتی کوردستان.
- لە سەرخستنی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ڕۆڵێکی کارا و کاریگەری هەبوو.
- مەسرور بارزانی خێزاندارە و سێ کوڕ و کچێکی هەیە.
- زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، فارسی و عەرەبی دەزانێت.
- لە ڕۆژی دووشەمە 2018/12/3 ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی بە سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی کۆبوونەوەی و لەو کۆبوونەوەیەدا مەسرور بارزانی بە کاندیدی پارتی بۆ پێکهێنانی حکوومەت راسپێردرا.
-ئەمڕۆ سێ شەمە 2019/6/11 بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت رادەسپێردرێت.

ئاژگەیی: بەشداریی وڵاتان لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم نیشانەی پێگەی کوردە



نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا ڕایدەگەیەنێت، بەشداریکردنی باڵوێزی وڵاتان لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بە گرنگیدان بە پەیوەندەیەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و کورد و سەرکردە سیاسییەکانیان.

دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا، لەمبارەیەوە ڕایگەیاند: بەشداریکردنی باڵوێزانی وڵاتانی ئەورووپا کە بە نوێنەرایەتیی کەسی یەکەمی وڵاتەکانیان لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشدارن، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بە گرنگیدان بە پەیوەندەیەکانیان هەرێمی کوردستان و گەلەکەی و سەرکردایەتیی سیاسی. ئەوەشی خستۆتەڕوو: وڵاتانی ئەورووپا ئەم گۆڕانکارییانە وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێم و بەتایبەتی لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەقامگیری، هەروەها هەموو جۆرە گۆڕانکارییەکی ئابووری، یا خود ئاسایش کاریگەری لەسەر بارودۆخی وڵاتانی ئەورووپا دەبێت، بۆیە لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخەکە دەکەن و ئامادەن هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەن. ئاژگەیی ئاماژەی بەوەش کرد: نێچیروان بارزانی لە ئاستی ئەورووپی وەک پارێزەری قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و فاکتەری سەقامگیری و زامنی بنەما دیموکراسیەکان ناسراوە، هەروەها وەک سەرۆک و کەسایەتییەکی بەهێزی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت.

سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاژانسە جیهانییەکاندا



ڕاپۆرت: سەنگەر حوسێن

دوای بەڕێوەچوونی مەراسیمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، زۆربەی ئاژانسە جیهانییەکان ڕووماڵی مەراسیمەکەیان کرد چ ڕاستەوخۆ لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوللا لە شاری هەولێر، یاخود وەک ڕاپۆرت گرنگیان پێدا.

ئاژانسی فرانس پرێسی فەرەنسی هەواڵەکەی بە بایەخەوە بڵاوکردەوەو چەند پەرەگرافێکی لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەخش کردو نووسیویەتی: نێچیرڤان بارزانی وەک کەسایەتییەکی لێهاتوو بووە دووەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە هەمان کاتدا کورپی برای بەڕێز مەسعود بارزانییە. هەروەها چاوەڕوان دەکرێ مەسرور بارزانی تەکلیف بکات بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان.

هەروەها کەناڵی ڕووسیا ئەلیەوم ڕاپۆرتێکی لەسەر مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەخش کردو لە سایتی تایبەت بەخۆی ژیاننامەی سەرۆکی نوێی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە کە بە دەنگی 68 پەرلەمانتار لە کۆی 81 پەرلەمانتار پۆستەکەی وەرگرتبوو.

کەناڵی سۆمەریبەی عێراقی گرنگی بە ڕێورەسمەکە دابوو، تێیدا لە سایتی فەرمی کەناڵەکە نووسیویەتی: بە ئامادەبوونی بەرپرسانی عێراقی و میوانی دەرەوە کە نزیکەی1200 کەس دەبوون، لە پێشەوەی ئامادەبوانیش مەسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی کوردستان و بەرهەم سالح سەرۆکی عێراق دەبینران، ڕێورەسمێکی شایستە بۆ سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێوەچوو.

لای خۆیەوە، سایتی (الخلیج اون لاین) ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر مەراسیمەکە بڵاوکردۆتەوە.

کەناڵی (DW)ی ئەڵمانیش نووسیویەتی: دوای ماوەیەک چۆل بوونی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی دووشەمە نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد.

کەناڵی (العربیە) لە ڕێی پەیامنێرەکەی لە نێو هۆڵی شەهید سەعد عەبدوللا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە بە بەشداری چەندین بەرپرسانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە.

هەروەها کەناڵی (الحرە)ی ئەمەریکی باسی لە ڕێورەسمەکە کردو چەند دیمەنێکی نێو هۆڵەکەی گواستەوەو دیمانەی لەگەڵ چەندین میوانیش کردو بەبایەخەوە هەواڵەکەی بڵاوکردەوە.

کەناڵی ئاسمانی ڕووسیا الیوم نووسیویەتی: ڕۆژی دووشەمە نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد.

کەناڵی (الخبر)ی ئەمەریکی لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویەتی: نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد.

کەناڵی (الحیاە)ی لەندەنی بە ناونیشانی: نێچیرڤان بارزانی بووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەواڵی ڕێورەسمەکەی بڵاوکردەوە.

ئەمەو چەندین کەناڵ و سایت و پەیجی دەزگا ڕاگەیاندنە بەناوبانگەکان هەر دوای تەواو بوونی ڕێورەسمەکە، وێنەو وتەی میوانانی ڕێورەسمەکەی گواستەوە لەوانەش: کەناڵی سکای نیوزی عەرەبی، کەناڵی ئەلشەرقیەی عێراقی، ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی، ئاژانسی (کل العراق)ی تایبەت بە هەواڵ، سایتی BBC بەهەردوو بەشی ئینگلیزی و عەرەبی، سایتی ئیلاف، ڕۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی.

سەرۆکایەتی هەرێم دەبێتە چەتری کۆکەرەوی هەموو لایەن و پێکهاتەکان

خەبات: تریفە ئازاد: دوێنێ لە ڕێورەسمێکی شایستەدا و بە ئامادەبوونی چەندان کەسایەتی سیاسیی و خەباتگێڕ و دیپلۆماسی و وەزیر و سیاسەتمەداری ناوخۆ و بیانی، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد. هەڵبەت نێچیرڤان بارزانی وەکو قوتابییەکی چالاک و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی و خەباتگێڕێکی بە ئەزموون لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا،لەتوانایدایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکاتە چەترێکی کۆکەرەوەی ناوماڵی کوردستان بۆ هەموو لایەنە سیاسیەکان و هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزا کانی کوردستان بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستەجەمعی و ئاراستەیەکی هاوبەش بەهێزەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاوبینێت. دڵنیاین کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی فیدراڵ نەخشەڕێگای شاییستەی لەبەردەستدایە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان حکوومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و جیهان، هەروەها خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان هەوڵێکی دیکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت. ڕۆژنامەی خەبات ڕاوبۆچوونی چەندین کەسایەتی سیاسی و خەباتگێر دەربارەی ڕۆڵ و تواناکانی نێچیرڤانی بارزانی بۆ خوێنەران دەخاتەروو.



دڵشاد شەهاب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: نێچیرڤان بارزانی نموونەی سەرکردەی خۆڕاگر بووە بەرامبەر بە ئەزمەکان نموونەی ورە بەخشین بووە بۆ کۆمەڵگا و ئەو کەسانەی لەگەڵی بوونە. لە قورسترین بارودۆخ نێچیرڤان بارزانی توانیویەتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە کەناری ئارامی. پەیامی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ئەوە بووە بۆ هەموو پێکهاتەو بۆ هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کە سەرۆکایەتی هەرێم کورستان وەک چەتری کۆکەرەوەی سەرجەم بیرو بۆچوون و ڕەنگ و پێکهاتە و ئاین و نەتەوە جیاوازەکان دەبێت. هەمیشە بڕوای بە ڕێبازی بەیەکەوە کارکردن هەیە، هیوادارین بە هەموو لایەک بە هاوپەیمانانە لە پێکهێنانی حکومەت هاوکارین، سەرجەم حزبە کوردستانیەکان بەم ڕوحیەتیەوە مامەڵە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم بکەن وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی گەورە کە بتوانێ بە جیاوازی جێگای تمەح و ئومێدی سەرجەم دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بێت.هەموومان بە یەکەوە وڵاتی خۆمان بەرێوە دەبەین.

هیوا دەخوازم خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە بکات

دایکە عایشە کە خاوەنی سێ ڕۆڵەی شەهیدە بە دایکی شەهیدان ناسراوە ئامادەی مەراسیمی سوێند خواردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بوو بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

من ڕۆڵەی شەهیدم و دایکی شەهیدانم، هیوادارم ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە بکات

کوردستان لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم بەغدا و ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەو کێشەی کە لە ڕابردوو دروست بوو، نێچیرڤان بارزانی توانی بە سەرکەوتوویی چارەسەریان بکات بە پێ پەیوەندی خۆی ئەو ئابلۆقەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبوو توانی نەیهێڵێت، سەردانی ئەو وڵاتانەی کرد، بینمان سەردانی لایەنە سیاسیەکانی کرد. بۆیە ئێمە گەشبینین لە داهاتوو دەتوانێت کار بکات و لەسەر ڕێچکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بەردەوام دەبێت و کاریگەری زۆری دەبێت لە پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەرەو ئاراستەیەکی باش هەنگاو دەنێن. ئێمە کۆمەڵێک کێشەمان هەیە دەمانەوێت ئەوانەش چارەسەر بکرێن لەوانە مادەی 140 یاسای نەوت و گاز و چەندینی تر. چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوو بتوانێت ڕۆڵی کاریگەر ببینێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش و پەیوەندییەکان بەرەو باشتر ببات .

پێویستە دەست لەناو دەست بین یەکێتی و یەک بوون بپارێزین لە هەرێمی کوردستان

گوڵستان سعید ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە فراکسۆنی گۆران لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی: من وەک پەرلەمنتارێکی گۆران پەیامێکم هەیە، ئەوەی ئەرکی ئەخلاقی سیاسی ئێمە بوو وەک بزوتنەوەی گۆران ئێمە پابەند بووین پێوەی، هیوادارم ئەوانیش پابەند بن بەو ئەرکە میژوو نیشتمانی و نەتەوەیی کە دەکەوێتە سەر شانیان سەبارەت بە جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتنامە و خاڵەکانی پابەند بن بۆ ئەوەی چیتر میللەتی کورد نائومێد نەکەین لە ڕێکەوتنامە متمانە بۆ خەڵکی کوردستان بگێڕینەوە. کۆتایی بەوە بێت کە خەڵک متمانە بە پارتە سیاسیەکان نەکات کە ڕێککەوتنامەی سیاسی مۆر دەکەن، پەیامم بۆ سەرۆکی هەرێم ئەوەیە کە سەرۆکی هەموو خەڵک کوردستانە بە هەموو بیرو ڕاو ڕەنگە جیاوازو نەتەوە جیاوازەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان هیوادارم بتوانێت عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەیەکسانی بپارێزێت لەم هەرێمە یاسا سەروەر بکات، بتوانێت هەلی کار بۆ گەنجان بڕەخسێنێت هەوڵ بدرێت کۆتایی بە توندو تیژی ئافرەتان بێت لەم هەرێمە بتوانین بە هەموان دەست لەناو دەست بین یەکێتی و یەک بوون بپارێزین لە هەرێمی کوردستان. تەبایی نێوان پارتە سیاسیەکان بە هەند وەرگرین و حساب بۆ ڕاو سەرنجە جیاوازەکان بکەین لە هەرێمی کوردستان، هەموو پارتە سیاسیەکان بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن.



دڵشاد شەهاب:

لە قورسترین بارودۆخ نێچیرڤان بارزانی توانیوتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە کەناری ئارامی.



بەهەمەن کاکە عەبدوڵڵا:

نێچیرڤان بارزانی تەواوکەری کارەکانی سەرۆک بارزانیە و لەسەر هەمان ڕێبازی ئەو دەڕوات، کوردستان بەرەو کرانەوە و بەهێزتر دەروات.

بارزانیە و لەسەر هەمان ڕێبازی ئەو دەڕوات، کوردستان بەرەو کرانەوە و بەهێز تر دەروات.

یەکێتی زانیانی ئاینی ئیسلام بە گەشبینییەوە لە ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی دەڕوانێ

شێخ نیاز نەقشبەندی سەرۆکی لقی یەکێتی هەولێری یەکێتی زانایانی کوردستان لە بارەی ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی: ڕۆژی 10ی 6-2019 ڕۆژێکی میژوویی پیرۆزبایەکی گەرم لە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەکەم بۆیە هەست دەکەین ڕۆژێکە لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان وەک ڕۆژی جەژن تەماشا دەکرێت کە سەرجەم کەسایەتیەکان لە هەموو ئاینە جیاوازەکان و لایەنە سیاسیەکان و دیلۆمتکاران ئامادەن لە پایتەختی کوردستان بۆیە بۆ ئێمە ڕۆژێکی خۆشە. ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە حکومی شارەزایی و لێهاتوویی لە ڕابردووی و کارکردنی توانیویەتی بەسەر زۆرێک لە کێشەو گرفتەکان زاڵ بێت و تەجروبەیەکی بەردەوامی هەیە لە حکومڕانی و ئیدارە و کارکردن، دەتوانێت زیاتر کار بکات وە ئەو خاوەن پێگەیەکی بەهێزە لە ناو عێراق و دەورەبەر و وڵاتانی جیهانی دەڕەوێ ڕۆڵێکی گرینگی هەیە ئێمە وەک یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی بە گەشبینەوە دەڕوانیە ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی.

دڵشاد شەهیدان، دایکە عائیشە:

هیواخوازم ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی چۆن لە سەرۆکی حکومەت سەرکەوتوو بوو هەروا لە سەرۆکی هەرێمیش سەرکەوتوو بێت و ڕێبازی بارزانی نەمرو سەرۆک بارزانی بەر نەدات.

دروست کردنی ئاشتەوایی دکتۆرمحەمەد بازیانی سەرۆکی بزاڤی چاکسازی گەشە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە بارەی ئەرک و ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ داهاتوو بە ڕۆژنامەی خەبات ڕاگەیاند: ئەرکی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە داهاتوو زۆر قورس دەبێت بە حکومی ئەوەی ئەو یەکمجاریەتی ببێتە سەرۆکی هەرێم، دەبێت هەوڵ بدات نێو مالی کورد چاک بکات و ئاشتەوایەک دروست بکات وە هیچ لایەنێک پەراوێز نەخرێت. هەوڵبدات باوەشی ئارامی بۆ هەموان بکاتەوە. هەر بۆیە من بڕوام وایە ئەم چوارسالەی داهاتوو پڕ دەبێت لە ئاشتی و چونکە ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی کەسایەتیەکی بەهێزی هەیە لە ناوچەکە و دەتوانێت ڕۆڵی باش بگێڕێت وەک چۆن بووە هۆی ئەوەی کە بەسەر هەموو تەنگ و ناخۆشیەکان زاڵ بین و بەربەستەکانی شکاند.

نێچیرڤان بارزانی خاوەن کەسایەتێکی باشە لەسەر ئاستی جیهان

سەید کاکە پێشمەرگە و خەباتکاری گەلی کورد و ئەندامی پێشووی پەرلەمان بووە لە بارەی ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی: ئەو کەسێکی ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان، ئەو پیاوێکە لە هەر جێگایەکدا بێت دەتوانێ سەرکەوتوو بێت وڕۆڵی باشی هەبێت و لە داهاتووش کە وەک سەرۆکی هەرێم ئەگەر بێت و بەو شێوازە بەردەوام بێت و پەیوەند بەهێز بێت لەگەڵ هەموو جیهان ئەوا سەرکەوتوو دەبێت. من هەمیشە شانازی پێوە دەکەم چونکە کوردی سەرکردەی مەزن ئیدرسی جوانەمەرگە کە زۆر هاوڕێم بوو، باوکی هەمیشە خزمەتی میللەتی دەکرد، بۆیە داواکارین ئەویش هەمان ڕێچکە بگرێت کە گرتیەتی و خزمەت بکات سوود لە خەباتی باپیری مستەفا بارزانی و ئیدریسی باوکی و سەرۆک بارزانی ببینێت و وەک هەمیشە خەمخوری وڵاتەکەی بێت.

بە گەشبینیەوە لە داهاتووی سەرۆکی هەرێم دەڕوانین

دکتۆر محەمەد شاکر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی



دکتۆرمحەمەد بازیانی:


ئەم چوارسالەی داهاتوو پڕ دەبێت لە ئاشتی، چونکە کاک نێچیرڤان بارزانی کەسایەتیەکی بەهێزی هەیە.




دکتۆر محەمەد شاکر:

ئێمە گەشبینین لە داهاتوو دەتوانێت کار بکات و لەسەر ڕێچکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بەردەوام دەبێت.

پەرلەمانی کوردستان داوای بە سزاگەیاندنی بکوژی دلین دەکات





سەبارەت بە رووداوی کوشتنی کچە منداڵەکەی شاری دهۆک، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای بەتوندی ئیدانەکردنی ئەو تاوانە و بەسزاگەیاندنی بکوژەکە، ڕایدەگەیەنێت: کارکردن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی بەهەموو شێوازەکانییەوە و نەهێشتنی کوشتن، کاری لە پێشینەی پەرلەمانی کوردستانە، پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای شارستانی کە مافی مرۆڤ بپارێزێ و بە ناڕەوا دەستدرێژی نەکرێتە سەر مێینە و منداڵان پارێزراوبن، ئەرکی لیژنەکەمانە.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: ئێمە لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و لە مافی مرۆڤ، بەتوندی ئیدانەی ئەو تاوانە گەورەیەی کە دەرهەق بە دلین وەلید، دانیشتووی شاری دهۆک ئەنجام دراوە دەکەین. دلین کچێکی تەمەن دە ساڵان پاش ئەوەی بێسەروشوێن دەکرێ تەرمەکەی بەشێوای دۆزرایەوە، لێردا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دادگاکان یاسا سەروەر بکەن و ڕێکارە یاساییە پێویستەکان بگرنەبەر و تاوانبار بە سزای یاسایی خۆی بگات و مافی مافخوراوانیش بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنرێتەوە.

سەنتەری میترۆ ئیدانەی ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی ڕۆژنامەنووسێک بۆ سلێمانی دەکات





سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان، ئیدانەی هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئاسایشی بازگەی کۆیە – هەولێر بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووس بەرزان عەلی حەمەی کرد و ڕایگەیاند: ئەو هەڵسوکەوتانە نەگونجاوە لەگەڵ لانی کەمی مافەکانی مرۆڤ کە هاتوچۆکردنە بەشێوەیەکی ئازاد لەناو وڵاتەکەیدا.

لە بەیاننامەیەکدا، کە سەنتەری میترۆ بڵاویکردۆتەوە، هاتووە: 4ی حوزەیرانی 2019 کە دەکاتە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان، ڕۆژنامەنوس بەرزان عەلی حەمە کە دانیشتووی شاری هەولێرە دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و لە بازگەی هەولێر- کۆیە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی بازگەکەوە پشکنینێکی چڕی لەگەڵ دەکرێت و دواتر بە ئۆتۆمبێلێک پێشی دەکەون، پاشان لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە پێی ڕادەگەیەنن کە بۆی نییە بگەڕێتەوە شاری سلێمانی و ناچاری دەکەن بگەڕێتەوە شاری هەولێر. هەروەها هاتووە: بەرزان بە میترۆی گوتووە کاتێک کە لە بازگەکە دەرچووم زانیم ئوتۆمبیلێکی جۆری بی ئێم دەبلیوی ڕەنگ ڕەشی تابلۆ ئەوروپی لە پێشمەوەیە بۆیە بەناچاری پەنام برد بۆ ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە، دواتر لایەڵێکم کردەوە و باسی ڕووداوەکەم کرد، بەرپرسێکی بااڵی ئەمنی پەیوەندی بە لێپرسراوی ناوچەکەوە کرد و داوی لێکرد کە منیان تەسلیم بکەن، بەاڵم لێپرسراوی ناوچەکە ڕازی نەبوو، دوای پێنج کاتژمێر لە مانەوەم لە ناوچەی پارتی دواتر بە هەولێ پەیوەندییەکانی پارتی و بە فەرمانی قوباد تاڵەبانی ڕێگەیاندام کە بگەڕێمەوە بۆ شاری هەولێر. لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە: سەنتەری میترۆ چاوەڕوانبوو کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەو ڕووداوە، بەاڵم پاش تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ لە چاوەڕوانی هیچ ڕوونکردنەوەیەک نەدرا.


سەنتەری میترۆ کە چاودێری جێبەجێکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری دەکات، لە کۆتایی بەیاننامەکەیدا، ئیدانەی ئەو هەڵسوکەوتەی هێزی ئەمنی بازگەکەی کردووە و ڕایگەیاندووە، سەنتەری میترۆ لە کاتێکدا ئیدانەی هەڵسوکەوتی ئەو هێزە ئەمنییە دەکات، داواشمان وایە کە هیچ ڕێگریەک نەکرێت لەو ڕۆژنامەنووسە لە سەردانی شاری سلێمانی بۆ بینینی کەسوکاری، هەموو هاوواڵتییەکی هەرێم ئازادە لە گەشتکردن بۆ هەر ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان و دەرەوە، ئەو هەڵسوکەوتانە نەگونجاوە لەگەڵ لانی کەمی مافەکانی مرۆڤ کە هاتوچۆکردنە بەشێوەیەکی ئازاد لەناو وڵاتەکەی. پێشتر، بەرزان عەلی حەمە، لە ڕێی ئەکاونت و پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕایگەیاندبوو، لە لایەن هێزێکی بازگەی کۆیە – هەولێر ڕێگری لێکراوە بگەڕێتەوە شاری سلێمانی.

هەولێر ... دەست بەسەر پێداویستی پزیشکی ساختەدا داگیرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: لیژنەی بااڵی بەدواداچوونی دەرمان کە بە سەرۆکایەتی قایمقامییەتی قەزای ناوەندیی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان، بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو سەر بە ئاژانسی پاراستن و بە هاوکاری هێزی تایبەتی یەک و بەشی پۆلیسی شارەوانی پێکهاتوە، لە دوایین هەڵمەتدا و بەپێی زانیاری پێشوەختە توانرا لە کۆگایەکی چاویلکەسازانی شەقامی پزیشکاندا لە هەولێر، دەست بگیرێت بەسەر بڕێکی زۆر لە پێداویستی چاوی ساختە لەجۆریfresh look care all-in-one solution واتە ئەم جۆرە پێداویستییە لە لایەن کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان ڕێگا پێنەدراوە، عەدەسە و سەرەڕای دەستکاریکردنی بە لێدانی ڕێکەوت و لە کارتۆن کردنیان. سەرچاوەکەی لیژنەکە ڕاشیگەیاند: کۆگایەکە داخرا و ڕێکاری یاسایی گیرایەبەر بەپێی یاسا کاردانەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.



تەلەعفەر... سێ کەس بەهۆی هەورەبرووسکەوە گیانیان لەدەست دا



سەرۆکی جڤاتی قەزای شنگال ئاشکرای کرد و بە هۆی هەورەبرووسکەوە سێ هاوواڵتی لە نزیک قەزای تەلەعفەری سەر بە پارێزگای نەینەوا گیانیان لەدەست داوە یەکێک لەوان کادیری لیژنەی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە تەلەعفەر.

وەیشی نایف، سەرۆکی جڤاتی قەزای شنگال، لەمبارەوە بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: بەهۆی هەورەبرووسکەوە لە دەشتی قەزای تەلەعفەر سێ هاوواڵتی گیانیان لەدەست داوە کە یەکێک لەو سێ هاوواڵتییە بەناوی عەلی حوسێن کادیری لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە تەلەعفەر، ئەو سێ کەسە بۆ دوورینەوەی دەغڵودان چوونەتە سەر زەویوزار بە هۆی هەورەبرووسکەوە هەرسێکیان سووتاون و گیانیان لەدەست داوە، هەروەها بەشێک لە دەغلودانەکەش سووتاوە.

گوتیشی: هەموو ساڵێک دەغلودانی هاوواڵتییان بە ڕووداوی جیاواز لە دەڤەری شنگال سووتاوە، بەو هۆیەوە تا ئێستا پێنج هاوواڵتی گیانیان لەدەست داوە.

ڕێکخراوا PWJ یا ژاپونی ل ساڵا 2019ێ دێ بەردەوامێ دەتە پروژە و بەرنامێن خو



ڕاپورت ـ خەبات ـ ن. دهۆک

ڕێکخراوا PWJ بایێ ئاشتیێ یا ژاپونی ل ساڵا 1996 قەستا کوردستانێ و دهۆکێ کریە و دبیاقێن تەندورستی وپ هزرەدیی و ئاڤ و ئاگ ڕێڕ و کارەب و ڕێک و هاریکاریکرنا ئاوارە و پەنابەران و گەلەک بیاقێن دی خزمەتکریە و هەتا نوکە یا بەردەوامە ل سەر بەرنامێن خو ییێن مروڤایەتی ل سنورێ پارێزگەهێ.

ل دور نوترین کار و پروژێن ڕێکخراوا PWJ یا ژاپونی ل سنورێ پارێزگەهێ فەرسەت خلیل ڕەشید ڕێڤەبەرێ کارگێری ل ڕێکخراواPWJ یا ژاپونی ل دهۆکێ بو ڕۆژنامەیا خەبات گوت: نوترین پروژێن مە چێکرنا پروژێ کارەبێ و ڕێکا کەمپا دومیز ئێک و دوو و کەمپا گەویلان هەروسا چێکرنا شەنگستێن خیڤەت و خانیا ل کەمپێن دومیز ئێک و دومیز دوو و ل بالقوسێ و ئاگ ڕێژەکا سندوقی ژی ل کەمپا حوسەینیێ هاتیە دورستکرن.

سەبارەت خزمەتێن تەندورستی ڕێڤەبەرێ کارگێری ل ڕێکخراواPWJ یا ژاپونی گوت: هەر ساڵ ئەم خزمەتێن تەندورستی پێشکێشی قوتابیێن چار هەتا پێنج کەمپا دکەین ل 2018ێ ئەڤ خزمەتێن تەندورستی مە بو قوتابیێن کمپێن باجد کەندالا ئێک و باجد کەندالا دوو و کەبەرتو ئاڤاکریە و قوتابخانەکا دی ل ناڤ باشیکێ ل سنورێ پارێزگەها نەینەوا نوژەنکریە دگەل ڕاکێشانا تورا کارەبێ بو نەهـ گوندێن دەروبەرێن باشیکێ هەروسا مە فیدەرەکێ کارەبێ کێشایە کەمپا ئیسیان وکار ب دوماهی هاتیە ول هەیڤا بهێت دێ دەست ب کێشانا فیدەرەکێ کارەبێ بو کەمپا شاریا کەین.



سەبارەت خزمەتکارێن دی ڕێڤەبەرێ کارگێری یێ ڕێکخراوا PWJ یا ژاپونی گوت: ئەڤ ساڵە مە جلکێن نوو ل سەر پتر ژ7300 کەسان ل کەمپا گەویلان بەلافکرینە هەروسا هەر سال گازا سپی ل سەر قوتابخانێن کەمپێن ئاوارە وپەنابەران بەلافدکەین زێدەباری بەلافکرنا گازا سپی ل سەر خێزانێن دەست کورت ل جهێن جودا جودا ل پارێزگەهێ، دبیاقێ ئاڤێ دا مە تانکەرەکێ نمونەیی یێ مەزن کو شیان هەنە 126 مترێن سێ جار ئومبارکەت دگەل دانانا تورێن ئاڤێ ل دومیز دانایینە.

ل دور پروژێن پاشەرۆژێ یێن ڕێکخراوا PWJ یا ژاپونی ناڤبری گوت: ڕێکخراوا مە دێ یا بەردەوامبیت ل سەر ئەنجامدانا پروژێن خو ودهەموو بیاقێن خزمەتکرنێ دا مە لبەرە ئەڤ ساڵە قوتابخانەکا دی ل باشیکێ ئاڤاکەین هەروسا پروژێن ئاڤێ ل دەڤەرێن بەرتللە وحەمدانیێ وشنگال وزومار چێکەین ودێ بەردەوامییێ دەینە پروژێن خو ییێن مروڤایەتی ل ناڤ کەمپێن ئاوارە وپەنابەران.

www.xebat.net
ساڵی شەهید 2019/6/11 ژمارە (5765)

لە مۆزەخانی شەهیدانی سۆران یادی بۆردومانی شەهیدانی زێوە کرایەوە



لە ساڵیادی بۆردومانی شەهیدانی زێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەڕێوەبەرایەتیی شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: لە یادی34 ساڵەی بۆردومانی پەنابەرانی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی بەعس، لە ئۆردوگای زێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە سەدان شەهید و قوربانیی لێکەوتەوە، یادەکەمان لە مۆزەخانەی شەهیدانی سۆران، بە دانانی تاجەگوڵینە لەبەردەم وێنەی شەهیدان و چەند چالاکییەک کردەوە.

لە ڕۆژی 1985/6/9 پەنابەرانی باشووری کوردستان، لە ئۆردوگای زێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆربەیان ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی بەعسەوە بۆردومان کران و لەم ڕۆژەدا 140 کەسی سڤیل شەهید بوون و زیاتر لە 400 کەسی تریش بریندار بوون.

بە بەشداری21 زانکۆ و 60 توێژینەوە
زانکۆی سەلاحەدین هاوبەشی کۆنفڕانسێکی نێودەوڵەتی لە بارەی زمان و وێژەی کوردی لە شاری سنە دەکات



بە ئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆی کوردستان لە شاری سنە و دکتۆر شێروان سالح یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بۆ کاروباروباری قوتابیان و خوێندن، دکتۆر عاتف فەرهادی ڕاگری کۆلێژی زمان و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی20 زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئێران، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر بە هاوبەشی زانکۆی کوردستان لە شاری سنە و زانکۆی ڕاپەڕین دووەمین کۆنفڕانسی هاوبەشی نێودەوڵەتی لە بارەی توێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی سازکرد.

لە سەرەتای کۆنفڕانسەکەدا سەرۆکی زانکۆی کوردستان وتاری بەخێرهاتنی پێشکەشکرد و ستایشی ماندووبوونی میوانانی هەرێمی کوردستانی بۆ شاری سنە کرد ، پاشان هەر یەکە لە نوێنەرانی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی ڕاپەڕین وتاریان پێشکەشکرد، پرۆفیسۆر دکتۆر شێروان سالح خدر یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری قوتابیان و خوێندن کە نوێنەرایەتی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدینی دەکرد لە کۆنفڕانسەکەدا لە بەشێکی وتارەکەیدا ڕاگەیاند: ئەنجامدانی کۆنفڕانس و کۆنگرە و کۆبونەوەی زانستی، لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆکانە و پێکەوەکاردن و هاوبەشیکردن لە چالاکی ئەکادیمی و زانستی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بایەخی زۆری هەیە، بەتایبەت لە ئالۆگۆڕی ئەزموونی هاوبەشی نێوان زانکۆکان، ئەمڕۆش هەموومان لێرە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەیە لە بواری زمانناسی و وێژە و فۆلکلۆری کوردی، کەڵک لە ئەزموونی زانستی یەکتری وەربگرین و شتێکی دیکە بخەینە سەر زمانی کوردی لە ڕوانگەی زانستییەوە.

شیاوی گوتنە شاندێکی زانکۆی سەلاحەدین لەبەر گرینگی و بایەخی کۆنفڕانسەکە لە شاری سنەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشداربوون، ماوەی دوو ڕۆژی خایاند 40 توێژینەوەی زانستی و 20 توێژینەوە لە شێوەی پۆستەر لە 21 زانکۆ لە 15 پانێڵی جیاواز پێشکەشکران، بڕیاریشە ساڵی داهاتوو لە 24ی نیسانی 2020 سێیەم کۆنفڕانس لە زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوەبچێت.

کۆنترۆڵی کارەبا: پێدانی کارەبا لە هاوینی ئەمساڵ زۆر باشتر دەبێت

ئێستا ڕۆژانە نزیکەی20 کاتژمێر کارەبای نیشتمانی بە هاونیشتمانیان دەدرێت، بەڕێوەبەرایەتیی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات، بۆ هێشتنەوەی دۆخی کارەبا بەمجۆرەی ئێستای، وەزارەتەکەیان چەند داواکارییەکی بۆ سەرووی خۆیان بەرزکردووەتەوە.

ئومێد ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاندوە بۆ هێشتنەوەی دۆخی کارەبا بەم جۆرەی ئێستا ، کە بەپێی وەرزەکە لە حاڵەتێکی باشدایە ، چەند داواکارییەکمان بۆ سەرووی خۆمان، ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکردووەتەوە.

بەگوتەی بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کارەبا هەروەها داوای کردووە گازوایل بۆ وێستگەی کارەبای دهۆک دابینبکرێت، هاوکات بۆ چارەسەرکردنی چەند گرفتێکیش داوای بڕێک پارەمان لە وەزارەتی دارایی کردووە، ئومێددەکەین بۆمان دابینبکرێت.

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا تێکڕای بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، ئێستا نزیکەی 3500 میگاواتە، خواستیش بۆ نزیکەی4000 میگاوات بەرزبۆتەوە، گوتیشی: بەم حاڵەشەوە ئێستا نزیکەی 20 کاژێر کارەبا دەدەینە خەڵک، لەهەموو حاڵەتێکیشدا پێدانی کارەبا لە هاوینی ئەم ساڵدا بەراورد بە هاوینی ساڵی پێشوو زۆر باشتر دەبێت. وەزارەتی کارەبا نزیکەی یەک ملیۆن و600 هەزار هاوبەشی کارەبای هەیە.



بە وێنە: بەنزینخانەیەک لە جادەی کەرکووک، نزیک بارەگای پێشووی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆ، سیمای شەقامی 120 دەشێوێنێت

پرسەو سەرەخۆشی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی ناوادەی کاکە ولاتی کوڕی شاعیر و نووسەر (عەباس عەبدوڵلا یووسف) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی لقەکەمانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بە کاک عەباس و بنەماڵە و کەسوکاریان ڕادەگەیەنین و لە یەزدانی پاک داواکارین بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

یەکێتیی نووسەرانی کورد

لقی هەولێر

تێبینی: ئەمڕۆ دووەم ڕۆژی پرسەیە لە مزگەوتی سپی

کردەوە تیرۆرستییەکان بازارەکانی کەرکووک چۆڵ دەکات

چۆڵبوونی بازاڕەکان و کەمتر دەرکەوتنی هاووڵاتییان لە نێو بازارەکانی شارەکە، کاریگەری زۆری لەسەر فرۆشیاران دروستکردووە

مامۆستایەکی ئایینی: ئەوانەی ئەو کردەوە تیرۆرستییانە ئەنجام دەدەن هیچ پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە

خەبات ـ ئارام شێرکۆ:

لە ئێستادا تیرۆریستان دەستیان کردۆتەوە بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی و تێکدانی باری ئارامی و سەقامگیری شاری کەرکووک و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان پێکهاتەکانی شاری کەرکووک و لەم دواییانەش چەندین تەقینەوە ڕوویاندا بەو هۆیەوە شەهید و بریندارى لێکەوتەوە.

فەریدون عەبدوڵلا وەک یەکێک لە خاوەن دوکانەکانی نێو بازاڕی کەرکووک، لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات گوتی: پاش تەقینەوەکانی مانگی ڕەمەزانەوە بە تەواوی بازاڕ وەستاوە و فرۆشتنی کەلوپەلەکان ڕووی لە کزبوون کردووە و بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی شاری کەرکووک لە دوای ئەو زنجیرە تەقینەوەیە، ڕوویان لە بازارەکانی هەولێر و سلێمانی کرد بۆ کڕینی جلوبەرگ و کەلوپەلی جەژنە ، ئەمەش کاریگەری زۆری کردە سەر بازاڕەکانی ئێمە.

ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر، کە بۆ دوو ساڵ دەچێت بازاری کەرکووک وەستاوە و بە هەموو شێوەیەک کڕین و فرۆشتن کەمی کردووە و کاریگەری زۆری لە سەر بازاڕ هەبوو، بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانەوە خەریک بوو بازار جوولەی تێدەکەوت بەڵام ئەو زنجیرە تەقینەوەیە بازاری ڕاگرتەوە.

سەرچاوەیەکی ئەمنی کە نەیوست ناوی ئاشکرا بکرێت، گوتی: هەموو کاتێک تیرۆرستان هەوڵی ئەوەیان داوە بۆ سەقامگیری شارەکە بشێوێنن و ئارامی هاووڵاتیان تێکبدەن، ئەنجامدانی ئەو کردەوە تیرۆرستیانەش نیشانەی ئەوەیە داعش ماوە و توانای ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی لە نێو کەرکووک هەیە.

سەرچاوەکە گوتیشی: هێزەکانی پۆلیس لە ئێستادا ڕەنگە توانای ئەوەیان نەبێت وەک پێویست سەقامگیری شارەکە ڕابگرن، هێزە عێراقییەکانیش نەیانتوانیووە سنوورەکانی شارەکە بپارێزن، ئەمەش وادەکات تیرورستان و ئەندامانی داعش زۆر بە ئاسانی بێن و کردەوەی تیرۆرستی ئەنجام بدەن، هەروەک چۆن لە ماوەی ڕابردوو دەستیان کرد بە سووتاندنی گەنم و جۆی جووتیاران و تەقەکردن لە هاووڵاتییان و ئەنجامدانی چەندین تەقینەوە و دانانی بۆمبی چێنراو لە سنووری شارەدێیەکانی شارەکە و تێرۆرکردنی دەیان ئەفسەر و سەبازی هێزە عێراقییەکان.

ئەو سەرچاوەی گوتیشی: بۆ ڕاگرتنی ئارامی شارەکە پێویستمان بە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش هەیە بگەڕێنەوە بۆ شارەکە، چونکە ئەوان لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین قوربانییان داوە بۆ ڕاگرتنی هێمنی و سەقامگیری شاری کەرکووک و ڕۆڵی زۆر باشیان هەبووە و توانیویانە چەند کەسی ڕفێندراو لە دەستی تیرۆستان ڕزگار بکەن و چەندین تیرۆرستی گەورە دەستگیر بکەن.

مامۆستایەکی ئاینیش دەڵێت: ئەوانەی ئەو کردەوە تیرۆرستییانە ئەنجام دەدەن بەرینن لە ئیسلام و هیچ پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە.

پێش چەژنی ڕەمەزان بە هۆی زنجیرەیەک کردەوەی تیرۆرستی ئارامی و هێمنی شارەکەیان هەژاند پرسە و ماتەمیان خستە چەندین ماڵ و چەندین کەس بریندار بوون لە خۆشی جەژن بێبەش بوون.

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای صباح حسن سلیمان جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات رەنگی سور ژمارەی لاشە (شاصی) VHRS3803AV2C00094 وون بوون

هەرکەسێك زانیاری لەسەر هەبێت با بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە مافدار جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە فلات ژمارەی شاصی YE13B0064AA403961 وون بوون هەرکەسێك زانیاری لەسەر هەبێت با بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون

مۆڵەتی شۆفێری گشتی/ شوێنی دەرچونی کۆپە بەناوی (یوسف صدیق عمر) ون بووە ، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (07501563963).

* * *

دائرة التسجيل العقاری فی طق طق

العدد: 294

التاريخ: 2019/6/9

اعلان

قرار تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبوت عائدية العقار تسلسل 98 محلة رزگاری الی طلب تسجيل بهاءالدين حسين عبدالله بموجب قرار ثبيت العائدية المؤرخ (2019/6/9) الصادر من هذه الدائرة علية نعلن هذا القرار و على من لديه اعتراض على قرار مذكور اقامه الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالی لنشر هذا الاعلان و عند انتهاء المدة و عدم ورود اشعار من المحكمة باقامة الدعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية.

الحاكم / محسن صالح محمود

رئيس لجنة تثبيت الملكية

حاكم بداءة طق طق

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:751/ش2019/٤

رێکەوت:2019/6/9

جاردان

بۆ داوالێکراو یحیی عدلان یحیی شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە 751/ش2019/٤ وە لەبەروارى 2019/5/29 بڕیاریدا لەسەر تفریق لەنێوان تۆ و داواکار نور قیس غائب لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری کۆمەڵگای دۆمیس/ وارقین ستی ژیان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسين كريم

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ سەلاح الدين

ژمارەی دۆسیە/2018/22

رێکەوت/2019/6/10

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەلاح الدين مولکی ژمارە ٧٦ کە کەوتوەتە سەلاح الدين دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار حسن عثمان شریف کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد عبدالوهاب محمد بەبڕی/ ٣٤,٧١٥,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد / سەنگەر شفیع اسعد

١ – شوێن و ژمارەی/ ٧٦ی سەلاح الدين

٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ سەلاح الدين

٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی بەتاڵ

٥ – رووبەرەکەی/١٥٠ م

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ زەوی بەتاڵ

٨ – نرخی قرساو/ ٢٤,٠٠٠,٠٠٠ بیست و چوار ملیۆن دینار.

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٤٧ /ش/ 2019

رێکەوتی / ٩ / ٦ / 2019

راگەهاندن

بو / داوالیکراو : خالد سکڤان عزو

ل دیف داخوازیا داواکار(رحاب خلف ابراهیم) وکێشا ژمارە (٣٤٧/ش/2019) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصديق الطلاق الخارجی) ل (2019/5/5) دنافبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٢١٥٥) ل (2019/5/14) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (بدرخان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامەیێت روژانە دا ئامادە بی ل قێ دادگەهێ ل روژا (2019/6/20) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان برێکارەکێ ژ پێش خو قە ئامادەبکی و بەروڤاژیا قێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.

دادوەر /یوسف الیاس سدن

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٠٩ /ش/ 2019

رێکەوتی / ٩ / ٦ / 2019

راگەهاندن

بو / داوالیکراو : (حنان مرتضی علی) ل دیف داخوازیا داواکار(بلال احمد یوسف) وکێشا ژمارە (٣٠٩ /ش/2019) تێدا داخوازا کەتنا تەلاقا ویی بەرامبەری قێ دادگەهێ ژتە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) ژمارە (٢٢٨٢) ل (٢٢ / ٥ / 2019) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (سەرهلدان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل قێ دادگەهێ ل روژا ٢٧ / ٦ / 2019 ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان برێکارەکێ ژ پێش خو قە ئامادەبکی و بەروڤاژیا قێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.

دادوەر / یوسف الیاس سدن

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ٢

ژمارە : ٣٨٠٢/ ش / ٢٠١٨

بەروار : ٩/ ٦/ ٢٠١٩

ئاگانامە

داواکار : سەردار نجم الدين فرج

داوالەسەرکراو : جوان محمد مجيد

داواکار (سەردار نجم الدين فرج) داوایەکی بە ژمارە (٣٨٠٢/ ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا هاتووە داوای (گوێرایەڵبونی هاوسەرگیری / لاساردانان) دەکات ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە، وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (2019/6/27) سەعات (9:00) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن خۆتان یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادوەر / د. طه عمر رشيد

* * *

دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی/ ٣

ژمارە : ٣٨٦٦/ ش / ٢٠١٨

بەروار : ٣٠/ ٥ / ٢٠١٩

ئاگانامە

داواکار : حامد فرحان جاسم

داوالێکراو : شذی خالد محمد راغب

ئاگادارت دەکەینەوە داواکار (حامد فرحان جاسم) داوایەکی بە ژمارە (٣٨٦٦/ ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە ئەو دادگایە بڕیاری لای خۆی دادگا لە داوای ژمارە ٥٤٥٥/ ش٢٠١٨/٤ وە لەبەروارى ٢٠١٩/٥/٢٢ بڕیاریدا لەسەر تفریق لەنێوان تۆ و داواکار فریشتە عارب عبدالله لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (گوندی پیرەش) ژیان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسين كريم

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣

ژمارە: ١٣٧/ت/٢٠١٩

بەروار: 2019/5/19

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: برزان محمد علی حمه شريف

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١/٤٠٥) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (شۆرش/ چەمچەمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ احمد حجی داهر

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣

ژمارە: ١٣٤/ت/٢٠١٩

بەروار: 2019/5/13

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: بختیار جبار فرج

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن تیرۆر لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئاسایشی رۆژئاوا/ چەمچەمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ احمد حجی داهر

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣

ژمارە: ٢٩٧/ت/٢٠١٧

بەروار: ٢٠١٩/٤/٢٩

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: زانیار جلال صالح

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (قادر کرم/ چەمچەمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ احمد حجی داهر

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ٤١٢/ك/٢٠١٩

بەروار: 2019/5/27

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ووریا صابر گوڵ ناوی دایکی: غدوه حسن

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای چەك لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ کامل توفيق سعيد

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:٥٤٥٥/ش٢٠١٨/٤

رێکەوت:2019/6/10

جاردان

بۆ داوالێکراو شیرزاد علی عارب شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (کاکە مەم) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Deger) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (شیار) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٤٤٠/ت/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: کێوان جنگی فتاح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٩٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بتوین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٧٠/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عادل کریم چنانی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (عەربەت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ زیاد بشیر حمد
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٣٠٧/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٥/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: چۆمان جزاء عمر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ بێخال محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٣١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ازات میرزا احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ بێخال محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٦٠/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٥
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: شانیا غفور علی عبدالله و کێوستان حسام الدین
معروف ناوی دایکی: نیگار حمە سعید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل تۆفیق سعید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٦٦/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: میران عبدالواحد حمە
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر محمد نوری
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٧٠/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: علی کریم احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر محمد نوری
* * *
دادگای باریٚ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٦١١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٥/٣٠
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (امیره داود عزیز) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٥/٢٢ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (رداد رشید کامل) بریاردا ب (پەسندکرنا ژیگڤەبونێ) دنافبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار دا وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە٠ روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگای باری کەسایەتی له دهوك
ژمارە/ ٦٥٥ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٨ /٥ /٢٠١٩
م/راگەهاندن
بو/داوالێکری (هوار سلیمان سعد) ل دیف داخازیا داخازکار (ڤیان اسماعیل عبدالله) وکێشیا ژمارا وێ ل سەری دیار تێدا داخازیا (تفریق للضرر) لتە دکەت وبو ڤێ دادگەهی جهێ ئاکنجی بوونا تە نە هاتە دیارکرن ل دیف نڤیسینا بەرێزارتی تاخی کانی مهمدکی ڤێجا بریار هاتە دان ئاگەهداریا تە بهیتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە تاکو تو ئامادەبی ل دادگەهی ل رێکەفتی ٢٠١٩/٦/١٦ یان بریکارەکێ ژێێت خوڤە ئامادەبکەی وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشەمایی ب رێڤە چیت
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٥/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
ئاگەهداری
رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ببی حنا تومـا) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/ شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
رەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینچی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٤/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
ئاگەهداری
رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (توما یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
رەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینچی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
ئاگەهداری
رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (مرقوز یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
رەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینچی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٣/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
ئاگەهداری
رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (وردیە یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/ شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
رەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینچی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٢/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
ئاگەهداری
رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (سرە یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتی ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
رەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
رووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کوژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٠٤٠٠٠٠٠) پینچی مەلیون وجوار سەد هزار دینار عراقی
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Mechanical&Civil. Test) بۆ راوێژکاری ئەندازیاری / سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ یاسین عبدالله قادر
ناونیشان/ هەولێر- شەقامی کۆیە
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٧٥٩٥٢

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٥٩٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (کاکە مەم) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کاکە مەم) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٤/٢١) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (١٠٣٩٠) لەرێکەوتی ٢٠١٢/٧/٢٤ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (سەردار اسعد باپیر) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٦٠٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (Deger) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Deger) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٥/١) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٦٧٤٩) لەرێکەوتی ٢٠٠٩/١١/١٦ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (عمر علی عمر) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گیلان نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

دوای دەست لەکارکێشانەوەی تیریزا مای

کێبڕکێ بۆ جێگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەستپێکرد





ئا: خالید گەردی

لەکۆتاییدا تیرازا مای سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا خۆی کردە قوربانی کێشەی بریکزت و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بریاری دەنگدەران لە ساڵی 2016دا بۆ کشانەوە لە یەکێتیی ئەورووپا، ناوبراو رۆژی هەینی رابردوو بەشێوەیەکی فەرمی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی راگەیاند،

دەست لەکارکێشانەوەکەشی دوای ئەوە هات، لە دەنگدانی رۆژی سێشەمەی رابردووی پەرلەمان تیریزا مای رووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆوە کاتێ بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمان (432) دەنگ بەرامبەر (202) دەنگ، رێککەوتنەکەی سەرۆک وەزیرانیان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا ڕەتکردەوە، بەمەش بەریتانیا کە بە پێنجەمین هێزی ئابووری جیهان دادەنرێت رووبەڕووی ئایندەکی نادیار دەبێتەوە.

وا بڕیارە لە رۆژی 7ی مانگی حوزەیرانی دا تیریزا مای ماڵئاوایی یەکجارەکی لە پۆستەکەی بکات. بەمەش دەرگای کێبڕکێی لە نێو حزبی پارێزگارانی بەریتانی بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ناوبراو کرایەوە.

وەک هەنگاوی یەکەم نوێنەرانی حزبەکە لەپەرلەمان، لە رۆژی 10 مانگی حوزەیرانی داهاتووە دەست بە پاکتاوکردنی بەربژێرەکان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دەکەن تا تەنیا دوو بەربژێر دەمێنێنەوە، ئینجا دەنگدانی کۆتایی بۆ هەڵبژاردنی بەربژێرێک بە بەشداری نزیکەی (100) هەزار لە ئەندامانی حزبەکە لە رۆژی 10ی مانگی حوزەیران بەڕێوە دەچێت.

دیارترین بەربژێرەکان

بە پێی هەواڵەکان بە شانس ترین کەسایەتی بۆ جێگرتنەوەی مای، بوریس جونسونی وەزیری پێشووی دەرەوەیە، کە بەهۆی ڕەتکردنەوەی پلانەکەی تیریزامای هێشتنەوەی پەیوەندی بەتینی ئابووری بەریتانیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا دوای دەرچوونی لە یەکێتییەکە، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی وەزیری دەرەوە پێشکەش بەسەرۆک وەزیران کرد، ناوبراو لە دانیشتنە تایبەتییەکانیدا بەهۆی ئەو هەڵوێستە، ڕەخنەی توندی ئاراستەی تیریزا مای دەکرد.

پێی وابوو نەرم نواندنی سەرۆک وەزیران لە ئاست نەیارانی بریکزیت هەروەها بەڵێنی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەلایەن تیریزا مای بۆ ڕازی کردنی نەیارانی ڕێککەوتنەکە ئەوانەی پشتگیری لە مانەوەی بەریتانیا لە یەکێتییەکە دەکەن، تووڕەبوونی ئەندامەکانی حزبی پارێزگارانی لێکەوتۆتەوە، جونسون سووربوونی خۆی لەسەر جێبەجێ کردنی بریکست جا بەهەر نرخێک بێت کردۆتەوە.

جونسون گوتوویەتی لە بەروای 31ی تشرینی یەکەم بە ڕێککەوتن یا بێ ڕێککەوتن لە یەکێتی ئەورووپا دەکشێینەوە.

دەرچوونی بەریتانیاش لە یەکێتییەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا 31ی تشرینی یەکەم کە دووجار وادەکە دواخراوە نیگەرانی بەسەر بازاری ئەو وڵاتە دروستکردووە.

دیارترین ڕکابەری بوریس جونسون-یش، دومینیک ڕابی وەزیری بریکستە کە ئەویش بەوە ناسراوە دژایەتی مانەوەی وڵاتەکەی لەیەکێتیی ئەورووپا دەکات.

لەلایەکی دیکەوە هاتنی ڕوی ستیوارتی وەزیری گەشەپێدانی نێو دەوڵەتی و مات هانکوکی وەزیری تەندروستی بۆ نێو کێبڕکییەکە گۆڕەپانەکەی بەرفراوانتر کردووە، مات بەڵێنی داوە سیاسەتێکی میانڕەوتر بگرێتەبەر.

سەرچاوە: فرانس 24 – AFP

تیریزا مای رووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆوە کاتێ بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمان (432) دەنگ بەرامبەر (202) دەنگ، رێککەوتنەکەی سەرۆک وەزیرانیان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا ڕەتکردەوە، بەمەش بەریتانیا کە بە پێنجەمین هێزی ئابووری جیهان دادەنرێت رووبەڕووی ئایندەکی نادیار دەبێتەوە

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1932:
محەمەد عەلی ئەلعابد بوو بە سەرۆکی سوریا .



ساڵی 1937:
بە تۆمەتی ناپاکی، جۆزف ستالین 8 ژەنەرالی سوپای لەسێدارە دا .



ساڵی 1964:
بڕیاری بەندکردنی هەتاهەتایی بەسەر نیلسۆن ماندێلادا سەپێنرا.



ساڵی 2004:
تەرمی ڕۆناڵد ریگنی سەرۆکی ژمارە 40ی ئەمەریکا بەخاک سپێردرا.

World Health Organization Libya

ساڵی 2009:
ڕێکخراوی تەندروستی جیهان ئەنفلۆوەنزای بەرازی وەک پەتایەکی جیهانی ناساند.



ساڵی 2017:
لە پۆرتۆریکۆ، دەنگدەران دەنگیان بۆ وەرگرتنی حالەتی ویلایەتێک لە ویلایەتە ئەمەریکییەکان دا .

زمانی ژمارە

گرنگترین ئەو کۆمپانیا جیهانیانەی ساڵی رابردوو لە ئێران کشاونەتەوە



کۆمپانیای ڕووسی :
ڕوس نەفت .
لوک ئۆیل . هەردووک کۆمپانیاکە لە بواری نەوت کار دەکەن .
کۆمپانیای ئەڵمانی :
سیمنز بۆ ئەلکترۆنیات .
دایملەر بۆ پیشەسازی ئۆتۆمۆبیل.
میونخ ری ،تایبەتە بە دڵنیایی .
کۆمپانیای فەرەنسی:
تۆتال بۆ پەترۆل .
ئێرباس بۆ پیشەسازیی فرۆکە.
BSA بۆ پیشەسازیی ئۆتۆمۆبیل .
کۆمپانیای ئەمەریکی :
جەنەرال ئەلیکتریک و بیکەر هیوز و هانیویل کە تایبەتن بە کەلوپەلی نەوتی.
بۆینگ بۆ پیشەسازیی فرۆکە.
دوقەر کۆرپریشن کە تایبەتە بە ئامرازەکانی نەوت .
ڕەگەزی جۆراوجۆر :
میرسک سیلاندی دانیمارکی بۆ گواستنەوەی دەریایی .
دەزگای پترۆلی نیشتمانی چینی بۆ نەوت .
ریلاینسی هیندی بۆ نەوت .

www.xebat.net
ژمارە (5765) 2019/5/11 ساڵی شەشەم



تەرەمپ و پوتین بە شەڕی سارد، گەرمەشەڕ، سارد دەکەنەوە!!



غازی حەسەن

کاتێک باسی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەکەین، شەڕی ساردو دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو جەمسەر و ناکۆکی نێوان سیستەمی سەرمایەداری و سۆسیالیستیمان بیر دێتەوە. لەتەک ناکۆکییەکاندا بەرژەوەندی نێودەوڵەتی هاوبەش و لێکگەیشتنیش دیوەکەی تری سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە. وەکو یاری شەترەنج هەمیشە بۆ کش مەلیک کارت و هۆکاری ئامادەکراویان دژی یەکتر و ئینجا بۆ ڕازیکردنی یەکتریش هەبووە. شەڕی ساردی نێوان زلهێزەکان لەئارایە.

دەستێخستنی هەڵبژاردنی تەرەمپ گومانی لە ڕووسیا پەیداکردووە، ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا بەگەرمی باسی ئەم کێشەیە دەکەن. بەهۆی گۆڕانکاریە نێودەوڵەتییەکان لەڕۆژهەڵات و ئەفریقیا و ئەمەریکا لاتین و ئاسیا. خەریکە ناکۆکی لەسەر دابەشکردنی هێز و بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان(ئەمەریکا و ڕوسیا) دەردەکەوێتەوە، لەتەک شەڕی سارد لەهەندێک ڕووداودا ترسی گەرمەشەڕیش هەیە.

بەپێی هەندێک لەو زانیارییانەی (دیمتری رودیونوف) لەڕۆژنامەی "سفوبودنایا پریسا" بلاوی کردۆتەوە لەدواین سەردانی مایک پۆمپیۆ و دیداری لەگەڵ فلادیمیر بوتین باسیان لەڕێککەوتنێکی ژێربەژێر لەنێوان هەردوو وڵات کردووە. ئامانجی پۆمپیۆ ئامادەکاریی دیداری نێوان هەردوو سەرۆکە لەپەراوێزی کۆنگرەی بیستەم لە ئۆساکا. لەم قۆناغەدا گەلێک کێشە لەنێوان ڕووسیا و ئەمەریکا هەیە، بۆیە هەردوولا بەدوای گفتوگۆ و چارەسەر دەگەڕێن، لەم زانیارییانە پشتی بەواشنتن پۆست بەستووە، بڕوایان وایە ئەگەر تەرەمپ زمانی هەڕەشەی دیارو زەق بێت، بۆتین حەز لەهێمنی و زمانێکی نەرم دەکات.

کێشەکانی ڕووسیا و ئەمەریکا لەئۆکرانیاوە دەست پێ دەکات تاکو قەنزوێلا و ئێران و کۆریای باکور و سوریا و چەک فرۆشتن بە تورکیا و قەیرانەکانی لیبیا.

لەهەندێک بواردا خەریکە پەیوەندییەکان بەرەو بنبەست دەچن، بۆیە پێویستیان بەگەڕانەوە بۆ لێکگەیشتن و ئەگەر پێویستیش بوو، هاوسەنگی و ڕێککەوتن ئەنجام بدەن. بۆیە ئاساییە بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی و چارەسەری کێشەکان بەزمانێکی نەرم و دوورخستنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان هەنگاو بنێن، ئەگەر پێویستیش بوو ڕێککەوتنێکی ژێراوژێر ئەنجام بدەن. یەکێک لەسیناریۆیەکان ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەمەریکا داوای لە ڕووسیا کردووە، هاوکاری چەک لە قەنزوێلا ڕابگرێت، ئێران بخرێتە ژێرباری ڕێککەوتن و ڕازیبوون بەداواکانی ئەمەریکا، لەبەرامبەریشدا بەشار ئەسەد لەدەسەلات بمێنێتەوە.

شەڕی ساردو دەروونی و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز هۆکاریکە بۆ بەدیهێنانی کردەی فشار بۆ ئەوەی مەترسی میلیشیا و سەرچاوەی هەڕەشەکەکان بەتاڵ بکرێنەوە، تەرەمپ لەپێناو هەڵبژاردنی داهاتوو، دەبێت هەندێک لەوکێشانە لەقازانجی ئەمەریکا یەکلایی بکاتەوە، ڕووسیاش پێویستی بەقایمکردنی پێگەی ستراتیجی لەڕۆژهەڵات و ناوچەکانی دیکە هەیە.

بۆیە ئاساییە لەپێناو ڕێگەگرتن لەجەنگ ناکۆکییەکانی نێوانیان دابەش بکەن. گەلێک جار لەسیاستەدا هەر بەتەنیا دەستەکەوت و ناوچەداگیرکراوەکان دابەش ناکرێن، بەڵکو ناکۆکی و مللمانێکانیش دابەش دەکرێن، لەپێناو ئەمەش چارەسەری مامناوەندانە دەدۆزنەوە. ئاساییە تەرەمپ و بۆتین لەکۆبوونەوەی بالای نێوان هەردوو لا، بیر لەڕێککەوتن بۆ ناوچە کێشەدارەکان بکەنەوە و ناکۆکییەکان نەک چارەسەر بەڵکو وەکو بەنجکردن لەنێوان خۆیان دابەش بکەن.

ڕووسەکان پێیان وایە ئۆپۆزسیۆنی قەنزوێلا بەکرێ گیراون و لەکاتی دەسەڵات گرتنەدەست، ئاژاوە دروست دەبێت و ئەو کاڤ داوای هاوکاری سەربازی لە ئەمەریکا دەکەن، بەمەش ئەو وڵاتە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکا. ڕووسیا بەهاوکای ئێران بەشار ئەسەدی پاراست.. لەهەمان کاتدا دەیەوێت تورکیای ئەندامی ناتۆ بەچەکی نوێ بەهێز بکات، لەگەڵ ئێران و کۆریا بەرەو هاوسەنگەر بەندی بچن.

سەرچاوەیەکی دیکەی ڕووسیا ئاماژەی بەوەکردووە، لەتەک ناکۆکییەکان هەوالگری هەردوو وڵات لەبواری تیرۆر و کێشە قوڵەکان، هەندێک هاوکاری یەکتر دەکەن و زانیاری دەگۆڕنەوە، ئەمەش بەبواریکی دیکەی لەیەکتر نزیکبوونەوەیە. بۆیە ئاساییە ئەم دوو دەزگایە بیر لەچارەسەری کێشەکانی نێوان هەردوو وڵات بکەنەوە.

ڕووسیا هاوکاریکی سەرەکی ئێرانە، بەکۆکردنەوەی هێزی ئەمەریکی لەکەندوای عەرەبی نیگەرانە، ئەوان لەکردەوەدا ئەمەریکا لەناوچەکە ڕازی بوون، ئەمانە کارتێکی نوێی دیکەیە بۆ ئەوەی ئەمەریکا گوشار بخاتە سەر ڕووسیا و بەرەو ڕێککەوتن و لێکگەیشتن هانی بدات.

تەرەمپ گوتی "ئەگەر ئێران شەڕ بکات، بڕیار لەکۆتایی خۆی دەدات". لەتەک ئەوانەشدا ئێران گفتوگۆ لەگەڵ ئەمەریکا بەڕۆهر خواردنەوەی دووەم دادەنێت، بۆیە دوور نییە ئێرانییەکان لەڕێرەوە بڕیاری گفتوگۆیان دابێت، بەڵام لەدواین قۆناغدا ژەهرەکە بخۆنەوە . لەکردەوەدا ئەم جۆرە گوتارە بەواتای ڕازیبوون بەئەمری واقیع و چوونە ژێر گوشاردێت، نەک ڕەتکردنەوە. بۆیەشە ئاساییە ئەگەر کۆبوونەی داهاتوو لەنێوان هەردوو سەرۆک ئەنجام درا، ناکۆکییەکان بۆ کەمکردنەوەی گرژی و هەڕەشە و مەترسییەکان لەنێوان خۆیان دابەش بکەن.. لەقۆناغی دووەمیشا کار بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی و دابەشکردنی دەستکەوتەکان بکەن. بەم سیاسەتەش بەشەڕی سارد، گەرمە شەڕی سەرلەنوێ دابەشکردنەوە و بەهێزکردنی پێگەی ستراتیجی و ئاسایشی نەتەوەییان سارد دەکەنەوە.

هێرشکردنە سەر پاپۆڕەکانی ئیمارات و هێرشی مووشەکی بۆ سەر ناوچەی سەوز لەبەغدا دەرفەتی بەکردەوە بۆ ئەمەریکا دروست دەکەن هێزەکانی لەناوچەکە پتر بکات.



مانشێت



سکای نیوز:
بە تۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی، سەرۆکی کۆریای باکور یەکێک لە ژەنەرالە پلە بەرزەکانی سوپای وڵاتەکەی لەسێدارە دا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە شاری بلۆڤدیڤی باشووری بولگاریا، گەنجێکی سەر بە ڕێکخراوی داعش بە بۆمبێکەوە دەستگیر کرا.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، دەسەلاتدارانی کازاخستان سەدان خۆپیشاندەریان دەستگیر کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە شاری بلۆڤدیڤی باشووری بولگاریا، گەنجێکی سەر بە ڕێکخراوی داعش بە بۆمبێکەوە دەستگیر کرا.



ئەی ئێف پی:
هەریەکە لە چین و تایوان سەبارەت بە ئالۆگۆڕکردنی تۆمەتبار و دەستگیرکراوان ڕێککەوتنێکیان مۆر کرد .

ڕۆیتەرز:
بالیۆزی ئەمەریکا لە ئیسرائیل بە دووری نەزانی ئیسرائیل چەند ناوچەیەکی کەرتی ڕۆژئاوا بگێڕێتەوە ژێر دەسەلاتی خۆی.

کەنالی ئار تی:
لەسەر سنووری نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان، شەڕ لە نێوان سوپای هەردووک وڵات بەرپا بوو و سەربازێکی ئازەری کوژرا.

کاریگەری خوێی کانزایی و ڤیتامینەکان لەسەر خۆراکدانی شیردەرەکان



خوێیە کانزاییەکان و ڤیتامینەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە خۆراکدانی کاوێژکەرە شیردەرەکان وەک (مەڕ و بزن و مانگا و....) کەمبوونی یەکێ لەو توخمانە دەبێتە هۆی تێکچوونی فرمانەکانی جەستەی ئاژەڵ.

ئەوش گرنگی خوێیە کانزاییەکان و ڤیتامینەکانە بۆ کاوێژکەرە شیردەرەکان و ئەو نیشانانەی سەریان هەڵدەدات لە کاتی کەم بوونی ئەو توخمانە لە ئالیکدا:

سوودەکانی خوێی کانزایی و ڤیتامینەکان

یەکەم: چالاکی جوڵەی جەستە و ماسولکە و گواستنەوەی ئامازە دەمارییەکان.

دووەم: پاراستنی هاوسەنگی کیمیایی ترشیی و تفتیی جەستەی ئاژەڵ.

سێیەم: هاوکارە لە چالاککردنی ئەنزیم و توخمە خۆراکییەکان، هەروەها کرداری هەرسکردن و دەردانی پاشەڕۆ.

چوارەم: باشکردنی بەرگری جەستە و پێشگیری نەخۆشییەکان.

پێنجەم: کارەکات بۆ بنیاتنان و دروستبوونی شانەکانی پێست و خوری و موو.

شەشەم: خوێ ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی شانەکانی ئێسک لە ڕەشەوڵاخدا.

کاریگەری کەمی خوێی کانزایی و ڤیتامینەکان لەسەر کاوێژکەرەکان

یەکەم: مەڕەکان لاواز دەبن و نیشانەی کەم کێشی لەسەریان دەردەکەوێت.

دووەم: ئارەزووی خواردنی ئالیکی نامینێت.

سێیەم: کەم خوێنی و بێهێزی.

چوارەم: تاوانای وەچە نانەوەیان کەم دەبێت.

پێنجەم: ئاژەڵەکان ئارەزووی خواردنی خواردنی ئالیکی وشکیان زیاد دەبێت.

شەشەم: خواردن و لێسینەوەی خاک و کەرپوچ و بلۆک و دیواری گەوڕەکە.

حەوتەم: مەڕ و بزنەکان خوری و مووی یەکتر دەخۆن.

هەشتەم: سەرهەڵدانی ڕەوانی و قەبزی.

نۆیەم: کار و بەرخە تازە زایەکان تووشیی نەخۆشیی کەمی سلنیۆم و ڤیتامین E دەبن کە هۆکارە بۆ گرز بوونی ماسولکەکان بەتایبەتی ماسولکەکانی قاچی دووەوەی ئاژەڵ.

خاکێکی شێداردا دەڕێت و لەو کاتانەی پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە دەردەکەوێت و حەشارگەکەی خۆی جێدەهێڵێت.

کالۆسۆما یان قالۆنچەی ڕەش بە مێرووێکی سوود بەخش دادەندرێت بۆ لەناوبردنی مێرووە زیانبەخشەکانی نێو باخ و دارستانەکاندا، ئەو مێرووە هەرگیز زیانی بۆ تەندروستیی مرۆڤ و بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان نییە. پێویستە قەڵاچۆ نەکرێت چونکە هەبوونی ئەو مێروە و زاوزێکردن و زیاد بوونی هۆکارێکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ژینگەیی. قالۆنچەی ڕەش لەم دواییەدا لەسەر کرمۆکەی ئەو پەپوولە زیان بەخشانە دەڵەوەڕا کە ژمارەیان نێجگار زۆر بووە کە بە کرمی زیان بەخش هەژمار دەکرێن و وەک دەردی کشتوکاڵی سەیر دەکرێن لە کاتێکدا ئەگەر قالۆنچەی ڕەش لەو شوێنانەدا نەبوو.



چەند زانیارییەک لەسەر قالۆنچەی ڕەش

مێرووی قالۆنچەی ڕەش، چۆرێکە لە قالۆنچە کە ناوە زانستییەکەی بریتییە لە Calosoma olivieri، لە هەندێک شوێن بە قالۆنچەی ڕەش یان بە کالۆسۆما دەناسرێت.

تەمەنی ئەو قالۆنچەیە زۆر کورتە لە نێوان 22 -26 ڕۆژە. لە شەو کارا دەبێت بەڕەو ڕووناکی دەخزێت.

خۆراکی سەرەکی قالۆنچەی ڕەش بریتییە لە مێروو و ئەو کرمانەی لە خاک و لەسەر ڕووەکدا هەیە کە بە نەبوونی ئەو جۆرە قالۆنچەیە بە زیان بەخش دادەندرێن.

ئەو سالۆ بە شێوەیەکی هەستپێکراو قالۆنچەی ڕەش بەدەرکەوتووە هۆکارەکەی بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی بارانبارین و هەبوونی پۆشاکی سەوزی بەهارە و بەردەوام بوونی بۆ ماوەیەکی درێژ دەگەڕێتەوە. ئەو مێرووە بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێو گژوگیا و ڕووەکدا لە ناوە زانستییەکەی بریتییە لە Calosoma olivieri، لە هەندێک شوێن بە قالۆنچەی ڕەش یان بە کالۆسۆما دەناسرێت.

تەمەنی ئەو قالۆنچەیە زۆر کورتە لە نێوان 22 -26 ڕۆژە. لە شەو کارا دەبێت بەڕەو ڕووناکی دەخزێت.

خۆراکی سەرەکی قالۆنچەی ڕەش بریتییە لە مێروو و ئەو کرمانەی لە خاک و لەسەر ڕووەکدا هەیە کە بە نەبوونی ئەو جۆرە قالۆنچەیە بە زیان بەخش دادەندرێن.

ئەو سالۆ بە شێوەیەکی هەستپێکراو قالۆنچەی ڕەش بەدەرکەوتووە هۆکارەکەی بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی بارانبارین و هەبوونی پۆشاکی سەوزی بەهارە و بەردەوام بوونی بۆ ماوەیەکی درێژ دەگەڕێتەوە. ئەو مێرووە بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێو گژوگیا و ڕووەکدا لە خاکێکی شێداردا دەژیت و لەو کاتانەی پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە دەردەکەوێت و حەشارگەکەی خۆی جێدەهێڵێت.

کالۆسۆما یان قالۆنچەی ڕەش بە مێرووێکی سوود بەخش دادەندرێت بۆ لەناوبردنی مێرووە زیانبەخشەکانی نێو باخ و دارستانەکاندا، ئەو مێرووە هەرگیز زیانی بۆ تەندروستیی مرۆڤ و بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان نییە. پێویستە قەڵاچۆ نەکرێت چونکە هەبوونی ئەو مێروە و زاوزێکردن و زیاد بوونی هۆکارێکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ژینگەیی. قالۆنچەی ڕەش لەم دواییەدا لەسەر کرمۆکەی ئەو پەپوولە زیان بەخشانە دەڵەوەڕا کە ژمارەیان نێجگار زۆر بووە کە بە کرمی زیان بەخش هەژمار دەکرێن و وەک دەردی کشتوکاڵی سەیر دەکرێن لە کاتێکدا ئەگەر قالۆنچەی ڕەش لەو شوێنانەدا نەبوو.

زاناکان: نان پێکهاتەی مەترسیداری تێدایە



زاناکانی زانکۆی هارفارد جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەندێک پێکهاتە کە بەکار دێت لە دروستکردنی ناندا هۆکارە بۆ دەرکەوتنی نیشانەی مەترسییدار لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

ئەو لێکۆڵینەوانەی زاناکانی زانکۆی هارفارد دەریدەخات (پڕۆبیۆتکان) یان ئەوەی بە (ترشی پیۆبیۆنیک) ناسراوە کە لە نان دەکرێت بۆ ڕێگاگرتن لە دەرکەوتنی کەڕوو ئاسەوارە مەترسیدار لە سەر تەندروستیی جێدەهێڵێت و خواردنی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئەو هۆرمۆنەی پەیوەستە بە توشبوون بە قەڵەوی و نەخۆشیی شەکرە.

زاناکان گەیشتنە ئەو ئەنجامە دوای چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر مشکی تاقیگە بە پێدانی (پڕۆبیۆتکان) بەو مشکانە و بینیان کۆمەڵەی دەماریان چالاکییەکی زۆری بەخۆوە بینی و تێکڕای هەندێک هۆرمۆن زیادی کرد وەک هۆرمۆنی "Glucagon" کە بە شێوەیەکی گشتی ئیشوکاری ئەو هۆرمۆنە بریتییە لە بەرهەمهێنانی خانەکانی (لەنگەرهانس) لە پەنکریاسدا لەو کاتانەی کە ڕێژەی گلوکۆز نزم دەبێت لە خوێندا، بۆ ئەوەی بەرزی بکاتەوە.

سەبارەت بەو بابەتە زاناکان لێکۆڵینەوەی زۆریان ئەنجام داوە بۆ نمونە 14 خۆبەخش بەشدار بوون و دابەشکران بۆ دوو کۆمەڵە، کۆمەڵەیەکیان مەداەی (پڕۆبیۆتەکان) تێکەڵ بە خۆراکی ڕۆژانەیان کرا و کۆمەڵەکەی دیکە ئەو مادەیان لێ قەدەغەکرا. پاش ماوەیەک دەرکەوت کۆمەڵەی یەکەم نیشانەی بەرزبوونەوەی هۆرمۆنی Glu-cagonلە جەستەیاندا دەرکەوت کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی کێشیان و دەرکەوتنی نیشانکانی تایبەت بە مەترسیی توشبوون بە شەکرە، لە هەمانکاتدا پڕۆتینی FABP4 کە بەڕپرسیارە لە لیکبەستنەوەی ترشە ئەمینییەکان لە جەستەدا لە ئاستی خۆی زیاتر بەرزبووەوە کە زاناکان ئەوە بە هۆکاری دەرکەوتن مەترسیی قەڵەوی دادەنێن.

خواردنی تووو
لە نەخۆشیی دەتپارێزێت

لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی دەیسەلمێنێت خواردنی تووی ڕەش یان سوور مرۆڤ لە چەند نەخۆشییەک دەپارێزێت و هاوکارە لە پاراستنی خانەکان لە کاتی هەبوونی ئاستێکی بەرزی شەکرە لە خوێندا و بەرزبوونەوەی هەستەوەری دژی ئەنسۆلین و دابەزینی ڕێژەی شەکرە لە خوێندا، لە هەمانکاتدا ئەنسۆلین کاردانەوەی باشتری دەبێت بۆ ئەو ژەمانەی کاربۆهیدراتیان بەرزە.

تووو بە سەرچاوەیەکی باشی ڕیشاڵ دادەندرێت، بەهەمان شێوە ئەو ڕیشاڵەی توانای توانەوەیان هەیە. لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە خواردنی ئەو ڕیشاڵانەی توانەی توانەوەیان هەیە جوڵەی خۆراک لە کۆئەندامی هەرسدا هێور دەکات کە ئەوەش دەبێتە هۆی کەمتر هەستکردن بە برسێتی و هەستکردن بە تێری دەبەخشێت، لە ئەنجامدا کالۆری (یەکەی گەرمی) لە جەستەدا کەم دەکاتەوە و کێش جێگیر دەکات.

ئەوەو ڕیشاڵە خۆراکییانە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ئەو کالۆرییە بەدەستهاتووەی لە خواردنی جۆرەها خۆراک کەم بێتەوە، هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە خواردنی بڕی زیاتر لە ڕیشاڵ هاوکارە بۆ جەستە بۆ مژینی 130 کالۆری کەمتر لە ڕۆژێکدا.

بۆ شارەزایانی ئەندازەی پارک و شۆستەکان



د.ڕابەر فەتاح سالح*

تێبینیم کردووە بەهۆی نەبوونی کەسانی شارەزا و پەیوەست بە کارەکان زۆرجار هەڵە لە پڕۆژەکان ڕووەدەدەن بۆ نمونە وا هەستدەکەم لە دروستکردنی جۆرێک لە پارک و باخچەی نێوان شۆستە و ڕێگاکان ئەندازیاری کشتوکاڵی و کەسی شارەزا بوونی نییە دەرئەنجام کەم و کوڕی و کەلێن لەو پڕۆژانەدا بەدی دەکرێت. بە تێگەیشتنی خۆم جۆری دارەکان و بەکارهێنانی هەر شتێک بۆ جوانکاری و دیزاین شارەزایی تەواوی دەوێت و کارێکی وا ئاسان نییە کە بێ گەڕانەوە بۆ زانست بڕیاری لەسەر بدرێت، تەنانەت ئەو جۆرە کارە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەیان توێژینەوەی لەسەر دەکرێت تا بگەنە بڕیاری گونجاو ئەوان ئەو جۆرە دار و گوڵ و ڕووەکانە هەڵدەبژێرن بۆ چاندن لە نزیک شەقامەکاندا کە یارمەتیدەرێکی زۆر باشە لە کەمکردنەوەی ئەو ژەهرەی (دووانە ئۆکسیدی کاربۆن) کە لە سەیارەکان دەردەچن، هەروەها دەبێت جۆرێک بێت کە بەرگەی ئەو کەش و هەوایە بگرێ، لەلایەکی تر هەڵبژاردنی ڕەنگ و جۆری گوڵەکانیش دەبێت پەیوەندی بە ڕووبەری باخچەکە و قەبارە و ڕەنگی باڵەخانەکانی نزیکیەوە هەبێت، جگە لەوانەی ڕەنگی ئەو وردە بەرد و ئەو کەرستانەی بە مەبەستی جوانکاری بەکار دێن زۆر گرنگن، بۆ نموونە نابێت ڕەنگی ئەو وردە بەردانەی کە لە نزیک یان دەوری قەدی نەمام و دارەکان دادەنرێن ڕەش، بن چونکە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی تیشکی خۆر بەرێژەیەکی زیاتر و بەوەش وادەکا کە قەدی دارەکە گەرمیەکی زیاد لە پێویست کۆبکاتەوە بەتایبەت لە وەرزی هاویندا وادەکا زۆرتر تێنوویێ و ڕەنگە هۆکارێکیش بێ بۆ لەناوچوونی نەمامەکە. بواریکی هەستیارە بۆیە ناکرێ دیزاینی وڵاتێکی تر بەتەواوی لەو ڕووانەی کە ئاماژەی پێدراوە لێرە جێبەجێ بکرێ بەڵکو دەبێت بە گوێرەی کەش و هەوا و شێوازی ڕێگاکان و پارکەکانی وڵاتی خۆمان بگوجێندرێت و ئەنجامبدرێت بۆ ڕوونەدانی هیچ هەڵەیەک و بەهەدەرنەدانی پارە و تێچوو باشتر وایە کەسی شارەزا و ئەندازیاری کشتوکاڵی لەو جۆرە پڕۆژەدا بوونیان هەبێت ڕەنگە هەشبن، بەڵام شارەزایەکی ئەوتۆیان نەبێت.

پێشنیارەدەکەم بۆ کارەکانی داهاتوو پشت بە زانست و ڕێنمایی و هەبوونی ئەندازیاری کشتوکاڵی ببەستن، هەروەها زۆر گرینگە کە کۆلێژی کشتوکاڵ بە هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کورسی تایبەت بە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بۆ ئەو مەبەستە تەرخانبکرێت.

* کۆلێژی کشتوکاڵ زانکۆی سەلاحەدین

لاورۆ: بۆ ئەوە هاتووین نازناوەکە ببەینەوە ئیتاڵیا



لاورۆ جیۆلیانی گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کە ئێستا پاریزگاری لە تۆڕی ئازووریەکان دەکات لە مۆندیالی ئافرەتان بۆ تۆپی پێ، بەڵێن بە جەماوەرەکەیان دەدات کە بۆ ئەوە لەو مۆندیالەن تاکو نازناوەکە ببەنەوە ئیتاڵیا.

لاورۆی تەمەن 26 ساڵ کە لەهەمان کاتیش گۆڵچی یانەی ئافرەتانی یۆڤینتۆسە دەڵێت: هەموومان بەڵێنمان بەخۆمان داوە کە تا ئەوپەڕی ماندووبوون یاری بکەین و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین، جاریکی تر دووپاتی دەکەینەوە کە بەنازناوەکەوە دەگەڕێینەوە ئیتاڵیا.

جێی باسە لاورۆ جیۆلیانی لە دوا یارییاندا بەرامبەر هەڵبژاردەی ئوستڕالیا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردو رۆڵی هەبوو لە گێڕانەوەی چەندین تۆپی ترسناک.

لەخولی نایابی لاوانی کوردستاندا

هەندرێن و زاخۆ سەرکەوتنیان بەسەر نەورۆز و پێشمەرگەی سلێمانی تۆمار کرد

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

ڕۆژی 9/6/ 2019 لەسەرجەم یاریگاکانی کوردستان گەڕی دەیەمی خولی تۆپی پێی لاوانی نایابی کوردستان بەڕێوەچوو، لەیاریگای یانەی هەندرێن هەردوو تیپی لاوانی هەندرێن و نەورۆز لەیارییەکی بەهێزدا بەیەکگەشتن، لەئەنجامدا تیپی لاوانی هەندرێن توانی بەئەنجامی 2-1 گۆڵ لەنەورۆز بباتەوەو 3 خاڵی گرنگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە بەشایستەیی دەستەبەرکرد، ئەگەرچی گێمی یەکەم تیپی میوان باشتر دەبێندران بەپێچەوانەی تیپی خاوەن یاریگا، بەڵام یاریزانانی لاوانی نەورۆز بەهۆی پەڵەکردنیان بەمەبەستی زوو گۆڵ تۆمار کردن چەندین هەڵی ئاسانیان لەدەستدا کەدەبوایە هەر لەسەرەتای گێمی یەکەم ئەنجامی یاریەکە لەبەرژەوەندی خۆیان دەستەبەربکەن، لەگێمی دووەمدا سەرەتا یانەی هەندرێن دەستپێش خەربوو لەگۆڵ تۆمار کردن، یاریزان ئیسماعیل سلێمان توانی گۆڵی یەکەم بۆ هەندرین تۆمار بکات، هەر هەمان یاریزان توانی گۆڵی دووەم و متمانە بۆ تیپی لاوانی هەندرێن تۆمار بکات و تیپی بەرانبەری بێ ئومێد کرد، داوی ئەم گۆڵە تیپی لاوانی نەورۆز بۆ گۆڕینی ئەنجامی یارییەکە هەوڵی گۆڵ تۆمارکردنیان دەدا لەڕێگەی هێڵەکانی پێشەوەی تیپەکە، ئەوەبوو لەخولەکەکانی کۆتایی یارییەکە یاریزانی لاوانی نەورۆز عیماد ئەحمەد گۆڵی یەکەمی بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار کرد، بەمشێوەیە ئەنجامی یارییەکە بەپێشکەوتنی لاوانی هەندرێن بەسەر نەورۆز بەدوو گۆڵ بەرانبەر بەگۆڵێک بەکۆتایی هات.

ئەنجامی یارییەکەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:
زێرەڤانی *3ئارارات 0
زاخۆ *2 پێشمەرگەی سلێمانی 1

ئەمڕۆ یاریی پێش کۆتایی مۆندیالی لاوان بەڕێوەدەچێت

ئەمڕۆ سێشەمە لە یاریگاکانی پۆڵەندا دوو یاری لە قۆناغی پێش کۆتایی مۆندیالی لاوانی خوار 20ساڵ بۆ تۆپی پێ بەڕێوەدەچێت.

کاتژمێر 6:30ی ئێوارە هەردوو هەڵبژاردەی ئۆکرانیا و ئیتاڵیا لەسەر یاریگای گۆسێر و هەروەها دوای ئەو یارییەش کاتژمێر 8:30ی شەو هەردوو هەڵبژاردەی ئیکوادۆر و کۆریای باشوور لەسەر یاریگای ئەرینا لۆبلین بەیەک دەگەن، براوەی هەردوو یاری دەگەنە یاری کۆتایی و بڕیارە ڕۆژی شەمە 5/15 کاتژمێر 7ی شەو بەڕێوەبچێت، دۆڕاوەکانیش ڕۆژی پێشووتر بۆ دیاری کردنی پلەی سێیەم و چوارەم ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە.

واین ڕۆنی: مێسی و ڕۆنالدۆش ناتوانن کێشەی مان یونایتد چارەسەر بکەن

واین ڕۆنی کاپتنی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ڕایگەیانج کە ئەگەر مان یونایتد هەریەک لە لە مێسی و ڕۆنالدۆ و ڕامۆس و گاریس بێڵ بباتە ریزەکانی ئەوا ئەو یانەیە ناتوانێ لە کێشەکانی ڕزگار بێت.

ڕۆنی کە ئێستا بۆ یانەی دی سی یونایتدی ئەمریکی یاری دەکات، ڕایگەیاند کە وەرزی داهاتوو یانەی مان یونایتد ناتوانێ رکابەری نازناوی حولی ئینگلیزی بکات، هەتا ئەگەر یاریزانی بە 100ملیۆن جونەیهیش بکڕێت. کاپتنی پێشووی مان یونایتد لە لێدوانێکیدا بۆ بی بی سی گوتی: لەسەر سولسکایەر پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە تیپەکە بونیاد بنێت نەوەک بیر لە هێنانی یاریزانی دیکە بکاتەوە، هەروەها ئەو یاریزانانە بهینیتە پێشەوە کە پشتگوێ خراون و باشترە بایەخ بەوان بدات.

ڕەمزی میرەکانی

پورتوگال بووە پاڵەوانی خولی نەتەوەکانی ئەورووپا

ڕۆنالدۆ: ئەمە شەرەفێکی مەزنە





یەکەمین پاڵەوانێتی خولی نەتەوەکانی ئەورووپا بۆ تۆپی پێ (نەیشن لیگ) کۆتایی هات، تیایدا هەڵبژاردەی پورتوگال بە ڕابەرایەتی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ توانی نازناوەکە بەدەست بهێنێ دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی 1-0 گۆڵ لە هەڵبژاردەی هۆڵەندا ببات‌ەوە.

هەڵبژاردەی پورتوگال کە میواندار ی کۆتاییەکانی یەکەمین پاڵەوانێتی خولی نەتەوەکانی ئەورووپای کرد، بووە خاوەنی یەکەمین هەڵبژاردەی ئەورووپی لە بەدەستهێنانی یەکەمین نازناوی نەیشن لیگ، هەروەها ئەستێرەکەی پورتوگالیش ڕۆنالدۆ کە نازناوی گۆڵکاری خولەکەی بردەوە بە 3 گۆڵ سەبارەت بەم نازناوە خۆشحالی خۆی دوربری و گوتی: دوای بردنەوەی ئەو جامە لەبەردەم گەلی پورتوگال زۆر بەختەوەربووم، ئەوە شەرەفێکی مەزنە بۆمن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue, 11. Jun. 2019 No: (5765)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





دوێنێ لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، دایکە عائیشە دایکی شەهیدان چاوی بە جەنابی سەرۆک بارزانی کەوت



سەرۆک و جێگرو سکرتێری پەرلەمان لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکان لە پێشوازی میواناندا



هۆڵی سەعد عەبدوللا.. پێشوازی لە میوانان

بەبۆنەی سوێند خواردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

مەسرور بارزانی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەبۆنەی دەست بەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پیرۆزباییەکی گەرم لەبرای بەڕێزم کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم و ئومێد دەخوازم ئەم ئەرکە پیرۆزە بەباشترین شێوە بەڕێوەببرێت و لە ژێر ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی بتوانین پێکەوە کوردستانێکی بەهێز بنیات بنێین و لە خزمەت بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان، تواناکانمان یەکبخەین و بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێین.
هیوام سەرکەوتنتانە و وەک هەمیشە لە پاڵپشتی و هاوکاری بەردەوام دەبین.

مەسرور بارزانی
2019/6/10



خۆشحاڵ دەبین بە ئامادەبوونی بەڕێزتان لە
ڕێوڕەسمی سوێندخواردن و دەستبەکاربوونی جەنابی

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

لە کاتژمێر ١١ی بەیانی، دووشەممە
٢٠١٩/٦/١٠
لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێر
لەگەڵ ڕێزمدا،

د. ڤالا فەرید ئیبراهیم
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

کارتی داوەتنامەی میوانان بۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردن و دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی

لۆگۆی تازەکراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سوێندخواردنی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی لۆگۆی تازەکراوەی بڵاوکردوەتەوە کە دەستەواژەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بە زمانی ئینگلیزی خراوەتە سەر لەپاڵ زمانی کوردی و عەرەبی کە پێشتر ئەو دەستەواژەیە تەنها بەو دوو زمانە هەبوون. لۆگۆ تازەکراوەکە هەمان لۆگۆ کۆنەکەیە واتە دالێک بالەکانی کراوەتەوە لەنێو ئالای کوردستان کە ڕەنگەکانی سوور، سپی، سەوزە و خۆرێکی 21 تیشکی لەنێودایە و لە خوارەوەی دالەکەش سالی 2005 نووسراوە کە سالی دامەزراندنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە.



دەیان ڕۆژنامەنووس ڕێوڕەسمی سوێند خواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان گواستەوە

خەبات–سەنگەر حوسێن: دوێنێ دووشەممە هەر لە بەیانییەوە زوو، بە دەیان ڕۆژنامەنووسی ناوخۆ بیانی لە هۆڵی مامۆستا سەعد ئامادەبوون بە مەبەستی ڕووماڵکردنی ڕاستەوخۆی ڕێوڕەسمەکە، یان دروستکردنی ڕاپۆرت و ئەنجامدانی دیمانە، تا درەنگانی ئێوارەی دوێنێ ئامادەبوونیان هەبوو. لە نێو هۆڵەکەش هەموو ئاسانکارییەک کرابوون بە مەبەستی بەدەستگەیشتنی هەواڵ، ناوە ناوە بەرپرسانیش لە هۆڵی ڕۆژنامەنووسان نزیک دەبوونەوە بۆ گەیاندنی نوێترین هەواڵ.



هۆڵی کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستان کە تایبەت بوو سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان